لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد

زنجیرەی ژیاندنەوەی کەلەپوری ئەدەبی کورد ـ ژمارە ( ٢ )

# شیرین و خوسرەو

شاکاری شاعیری ناوداری کورد

## خانای قوبادی

محمدی مەلا کریم
ئەندامی یاریدەری کۆڕی زانیاری کورد

ساغی کردوەتەوە و فەرهەنگی بۆ ڕێکخستوە و
پێشەکیی بۆ نوسیوە

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا
١٩٧٥

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب ( كوردى , عربي , فارسي )

لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد
زنجیرەی ژیاندنەوەی کەلەپوری ئەدەبی کورد ــ ژمارە ( ٢ )

# شیرین و خوسرەو

شاکاری شاعیری ناوداری کورد

## خانای قوبادی

محمدی مەلاکریم
ئەندامی یاریدەری کۆڕی زانیاری کورد
ساغی کردوەتەوە و فەرهەنگی بۆ ڕێکخستوە و
پێشەکی بۆ نوسیوە

چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا
١٩٧٥

من مطبوعات المجمع العلمي الكردي

# شيرين وخسرو

رائعة الشاعر الكردي الذائع الصيت

## خاناى قبادى

حققه و رتب قاموسه و قدم له

محمد الملا عبد الكريم

العضو المؤازر للمجمع العلمي الكردي

مطبعة المجمع العلمي الكردي

بغداد ـ ١٩٧٥



**خاناى قوبادى**

**وەك بە خەياڵى هونەرمەندى كورد ( بديع باباجان )دا هاتوە**

# پێشەکی

تازە لە چاپکردنی ( دیوانی مەولەوی ) بوبوینەوە ، باوکم لە دانیشتنێکیا لەگەڵ خوا لێخۆشبو ئەحمەد بەگی توفیق بەگ ئاگادار ئەبێ کەوا ناوبراو ( شیرین و خوسرەو )ێکی کۆنی ( خانای قوبادی )ی لایە . لێی وەرئەگرێو ئەیهێنێتەوە . کە سەیرمان کرد و هەندێکمان لێ خوێندەوە هاتینە سەر ئەو باوەڕە کەوا پێویستە بینوسینەوە و ئامادەی بکەین بۆ چاپ .

( شیرین و خوسرەو )ەکەی ئەحمەد بەگ لە سالی (١٢٣٥) یا (١٢٤٥)ی کۆچی « ١٨١٩ ــ ١٨٢٠ یا ١٨٢٩ ــ ١٨٣٠ ی زایینی »دا لە دێی ( کەیمنە ) لە هەورامانی لوهۆن کە ئیستا بەر ئێران کەوتوە ، نوسرابوەوە . نوسخەیەکی ناتەواو بو نوسیارەکەشی باسی ئەوەی کردبو . وێنەی بۆ گەلێ دیمەنی ڕازەکەش کێشابو . ئەتوانم بلێم تێکڕای وێنەکانی لەو وێنانە سەرکەوتوتر بون کە لە هەندێ کتێبی لەم بابەتەی بە ( چاپی بەرد ) لەچاپدراوی ئەوسای ئێران و هیندا ئەیانبینین . بەداخەوە ئیستا ئەو نوسخەیەمان بە دەستەوە نیە تا زەنکۆگرافی ئەو وێنانە وەرگرین و وەك یادگاری هونەرمەندێکی کورد بلاویان کەینەوە . ئەگەر بۆم ڕێکەوت جارێکیتر ئەو نوسخەیەم بکەوێتەوە دەست ، هەوڵ ئەدەم ئەو وێنانە بە وتارێکەوە بلاو بکەمەوە .

لە ماوەی کاری نوسینەوەی ئەو نوسخەیەدا بۆمان دەرکەوت نوسخەکە هەلەیەکی زۆری تیایە و گەلێ شوێنیشی بە ئاسانی ناخوێنرێتەوە و پێویست بە دانەیەك یا زیاتری هەمان کتێبە بۆ بەراورد و ڕاست کردنەوە . بۆیە بانگەوازێکمان لە ڕۆژنامەی ( ژین )دا* بلاو کردەوە بۆ داوای یارمەتی . ئەوەی بە دەنگمانەوە هات تەنها هاوڕێی ئەدیبم ( کاکەی فەللاح ) بو . دانەیەکی دەسنوسی لای هاونیشتمانێکی دارتاش بۆ پەیدا کردین و بۆی

---

* ڕۆژنامەی ژین ، ژمارە (١٦٧١)ی سالی (٣٧) ، ١٩٦٢/٥/٤

ناردێن . ڕاستەکەی ئەو دانەیە هەرچەند بە بەراورد لەگەڵ دانەکەی مـاڵی ئەحمەد بەگدا لەمێژ نەبو نوسرابوەوە ، گەلێکی یارمەتێ داین . ئـەم کتێبەی ئێستا لە بەردەستی خوێندەوارانایە بەرهەمی لەیەکدان و بەراوردی ئەو دوو دانەیەیە .

کە لێبۆینـەوە نوسخەکەی ماڵی ئەحمەد بەگمان دایـەوە بە خاوەنی و ئەوی سولەیمانێشمان ناردەوە بۆ کاکەی فەللاح . پاشان ، وەك زانیم ، کاکە ئەو نوسخەیەی لە خاوەنەکەی وەرگرتوە و ناردۆیە بۆ مامۆستا (م . ئەورەنگ) کە ڕۆشنبیرێکی کوردی ئێرانە ، خۆی بە تۆژینـەوەو لێکۆڵینەوەی زمان و کەلەپوری ئەدەبی کوردەوە خەریك کردوە .

نوسخە لێکۆڵراوەکەی ئێمە هەر وا بە بێکەس لەنـاو کتێبخانەکەماندا مایـەوە . ڕاستـەکەشی هەرچەنـد بێـرم لێ ئەکـردەوە لەچـاپدانی کتێبێکی وا زل چەنـد زۆری تێ‌ئەچێ ، هێوای لەچاپدانی لـە دڵم ئەبڕا و لە دڵی خۆما ئەموت با بۆ خۆی بکەوێ . تا ئەمسـاڵ پاش گەڕانەوەم لە مۆسکۆ لەگەڵ برای بەڕێزم دوکتۆر کەمال مەظهەر ئەحمەدی ئەمێنداری گشتێی ئەو سەردەمەی کۆڕی زانیاری کورددا باسی ئەم کتێبەم ئەکرد . دوکتۆر کەمـال بڕیاری دا بێخـاتە بەردەمی ئەنجـومەنی کۆڕ تا لە مەسـەلەی لەچـاپدانی بکۆڵنەوە . زۆری نەخایاند بڕیار درا و دەس‌کرا بە لەچاپدانی و ئەوەتا ئێستا لە بەردەستی خوێندەوارانی ئازیزدایە .

ڕاستتان ئـەوێ مەسـەلەی بڕیـاردانی چاپ‌کردنی ئـەم ( شیرین و خوسرەو )ە زۆر زۆ بڕایـەوە . تا ئەو کاتە هێشتـا فەرهەنگۆکەکەی ئامادە نەکرابو . دیارە ئەم پێشەکییەشی بۆ نەنوسرابو .. خۆ ئاشـکراشە نەخرابوە سەر شێوەی ڕێنوسی کۆڕ . لەگەڵ دەست‌کردن بـە لەچاپدانیا وردە وردە خرایە سـەر ڕێنوسی کۆڕ و پاش لێبونەوەش لە چاپ فەرهەنگۆکەکەی ئامادە کرا . بۆیە ئەو ناتەواوییانەی بەر چاوی خوێندەوارانی خۆشـەویست ئەکەون هەندێکیان ئەگەڕێنـەوە بۆ کاری پەلـە ، بەڵام هەرچـۆن بێ ئەو بـە پەلە لەچاپدانە با ناتەواویش بێ ـ گەلێ لە لەچاپنەدان و هەل لەکیس‌دان چاترە.
بۆیە ، من بـەر لەوەی ڕەخنەگر ڕەخنـەم لێ بـکرن ، نەك لـە ترسی ڕەخنە ، بەڵکو چونکە بنیادەم خۆی بە ناتەواوێی خۆی بزانێ چاترە ، پێ لە ناتەواوییەکانی کارەکەم ئەنێم و ئەوانەیان‌هەستم پێ کردوۆن ئەیانخەمە ڕۆ. جا خوێندەواریش دەرکی بە چێ‌تر کرد زۆر پێ‌خۆش‌حاڵم گوێی بۆ ڕاگرم و بەڵکو ئەگەر جارێکی‌کە کەسێکی‌تر بـە جۆرێکی‌تـر ئەم شاکـاری ئەدەبی کوردەی

لەچاپدابەوە کەڵك لە ناتەواییەکانی کارەکەی من وەربگرێ و هەڵەکانم راست بکاتەوە و هەمۆشمان ئەزانین هیچ کارێك بەکەن دەردۆ بە تەواوێ و پوختەیێ نایەتە ئەنجام ، هەرچەند ناشبێ ئەمە بکەین بە پاساودەری کەم و کورتێ و ناتەواوێمان .

ناتەواوێی یەکەم ئەوەیە لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا هەر نوسخەکەی ئەحمەد بەگم بە دەستەوە بو زیاتر پشتم بەو نوسخەیە بەستوە و جیاوازییەکانیم لەگەڵ نوسخەی سولەیمانێ لە پەراوێزەکەدا نۆسیوە « ( أ )م کردوە بە نیشانەی نوسخەی ئەحمەد بەگو ( ب )م کردوە بە نیشانەی نوسخەی سولەیمانێ » . کەچی پاشان لە کاتی لەچاپدانا بۆم دەرکەوت تێکڕا نوسخەکەی سولەیمانێ پشت پێ بەستراوترە ، هەم لەبارەی بەڕاستێ نۆسینەوە و هەم لەبارەی جیاوازێی هەندێ ڕستە و وشەشەوە .

ناتەواوییەکیتر ئەوەیە بەهۆی ئەوەوە کە شێوەی نۆسینەوەی کوردێی جاران وەك نۆسینەوەی فارسێ وابو ، زۆر جار ( گ ) ئەکرا بە ( ك ) و دۆ نوختە ئەبۆ بە یەك نوختە و بەپێچەوانەشەوە و ، ( و )ی عەطف و ( ی )ی ئیضافە ئەپەڕێن ــ هەندێ هەڵە لە نۆسینەوەدا ڕۆی داوە . لەوانەیە هەندێ وشەش بەهۆی نەنۆسینی جارانی حەرفی حەرەکەوە ، بە شێوەیەکی نادروست خوێنرابنەوەو لەبەرئەوە بە هەڵە نۆسرابنەوە* . هەندێ ناویش لە هەندێ شوێنا وەك خۆیان نەنۆسراونەتەوە . لەدوایێ ئەم کتێبەوە و لە ( چەوت و ڕاست )ەکەیدا ئیشارەتم بۆ چەند شوێنێکی لەم چەشنە کردوە . هەرچۆن بێ من لام وایە ڕاست کردنەوەی تەواوی ئەو هەڵانە بەسراوە بە دۆزینەوەی نوسخەی ڕاست و دروستی جوان نۆسراوە و بە ئامادە کردنی فەرهەنگی زاراوەی (گۆرانێ)** و بەدەستەوە بۆنی فەرهەنگی زمانە ئێرانییە کۆنەکان و ، من خۆم ئەوەندە ئەتوانم بڵێم بەگوێرەی توانام درێغیم نەکردوە .

ناتەواوییەکیتر ئەوەیە ئەو خوێندەوارەی شارەزای زاراوەی گۆرانێ نەبێ تەنها بە سەیرکردنی فەرهەنگۆکی داوێنی کتێبەکە کاری بەتەواوێ مەیسەر نابێ . بەڵام چاریشم نەبو . ئەگەر بمویستایە هەمۆ شیعرێکی یا زوربەی شیعرەکانی لێك بدەمەوە کتێبەکە لای کەمی سێ ئەوەندەی ئیستای

---

* وەك خوێندنەوەی ( موشك ) و ( موشکین ) بە ( میشك ) و ( میشکین ) کە بە شێوەی نۆسینی کۆن وا ئەنۆسران ( مشك ) و ( مشکین ) .

** گۆرانێ ناوی ڕاستەقینە و زانستییانەی ئەو زاراوەیە ئیستا خەڵك پێیئەڵێن ( هەورامێ ) .

لێ دەرئەچوو . ئەوەش واتە لەچاپ نەدانی ، چونکە هەر کۆڕی زانیاری کورد بۆ توانی ئەرکی لەچاپ دانی بگرێتە ئەستۆی خۆی و ئەویش ئەو دەسەڵاتەی نەبو کتێبێکی لەمە قەبەتر لەچاپ بدا . سەرەڕای ئەوەش وشەیەکی زۆرم لە کتێبەکەدا هاتوەتە ڕێ مەعنایم نەزانیوە ، نەخوازەڵا ئەوانەی پەیوەندیان بە کەرەستەی جەنگ و شایی و خشڵ و جل و بەرگی ژنان و ڕاو و ڕابواردنی گەورە گەوران و ڕەنگ و شتیواوە هەیە . لێکدانەوەی ئەمانەش ئەبێ بکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی شارەزای ژیانی ڕەسەنی کوردەواری و فۆلکلۆری میللی و زمانە ئێرانییە کۆنەکانن و بێگومان بە لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە وشانە سامانی زمانەوانی و ئەدەبی و فۆلکلۆریمان گەلێ دەوڵەمەند ئەبێ .

ئەمە ئەو ناتەواویانەن کە خۆم هەستم پێ کردوون . لە دەرەتانێکی زۆر تەسکا نەبێ ، کە ئەویش خۆم ئیشارەتم بۆ کردوە ، هەڵەم ڕاست نەکردوەتەوە لە ئەسڵی کتێبەکەدا . هەر دەسکارییەکیشم کردبێ لە پەراوێزەکەدا نوسیومە .

کە مەعنای وشەیەکم لە فەرهەنگۆکەکەدا لێدابێتەوە ، زیاتر تەنها ئەو مەعنایەم لێداوەتەوە کە ئێتشم پێ بوە . ئەگینا زوربەی وشەکان گەلێ مەعنای تریشیان هەیە . لە وشە ڕاستەوخۆ یا بە ڕەسەن عەرەبی و تورکییەکانیشا ئیشارەتێکم کردوە و زیاتر ( ع )ێکم بە مەعنا ( عەرەبی )و ( ت )یەکم بە مەعنا ( تورکی ) نوسیوە . ئەموێست ئەوانیکەشیان بە ( ف = فارسی ) و ( گ = گورانی ) و ( کخ = کرمانجیی خوارو ) لێك جوێ بکەمەوە . بەڵام چونکە زوربەی ئەو وشانەی کە لە کتێبەکەدا هەبوون و لە زاراوەی کرمانجیی خواروودا نین ، لە فەرهەنگە ئێرانییەکانم دەرهێناون و لەو باوەڕەشدا نەبوم ( خانا ) ئەو وشانەی وەك وشەی فارسی بەکارهێنابێ ، هاتمە سەر ئەو باوەڕە کەوا ئەو وشانە بە مەعنای تەسکی وشەی فارسی فارسی نین ، وشەی ئێرانیی کۆنن تێکەڵن لەنێوان زاراوەی گورانی و زاراوە ئێرانییە کۆنەکانیتراو هەندێکیشیان ئیستاش لە زۆر لەو زاراوانەدا ماونەتەوە . من خۆم چونکە شارەزاییەکی زمانەوانیم نیە ناتوانم لەم ڕوەوە لەمە زیاتر بنوسم . هەر ئەوەندە ئەڵێم بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە لە زاراوەی گورانیدا وام دێتە پێش چاو گورانی ــ کە هەورامیی ئیستا قوناغێکی تازەتریەتی ــ و زاراوە ئێرانییە کۆنەکان بەچکەی یەك دایکن و پەیوەندیەکی بەتینیان لەنێواندا هەیە. لەبەرئەوەش لە گەلێ شوێنا بەتەنها مەعنا لێدانەوەی یەك وشە کار مەیسەر نەئەبو چونکە ( ضەمیر ) لە زاراوەی گورانیدا وەك لە زاراوەی کرمانجیی خواروودا دانانرێ و لەیەككردنەوەی ( فیعل ) و ( ضەمیر )یش ڕاست نەئەبو ،

لە گەڵێ شوێنا مەعنای ڕستەم پێکەوە لێداوەتەوە .

لەدوایێ ئەم بابەتانەشەوە ئەبێ بڵێم کەوا بۆ زانێنی مەعنـای وشـەکان کەڵکم لەم فەرهەنگە ئێرانییانە وەرگرتوە : ( برهان قاطع ، باهتمام دکتر محمد معین ) ، ( فرهنگ عمید ) ، ( واژه نامهء نوین ) ، ( فرهنگ اورنگ ) ، ( فرهنگ مردوخ ) . هەروەها ( فەرهەنگی خاڵ ) و ( فەرهەنگی مەهاباد )یش . لەناو ئەمانەشدا کەڵکم لە ( برهان قاطـع ) و ( فرهنگ عمید ) لـەوانیکەیان زیاتر وەرگرتوە .

★ ★ ★

( شیرین و خوسـرەو )ی ( خانای قوبادێ ) ، وەك لـە خوێندنەوەی تێکستەکەیەوە بـۆ هەر ( گۆرانێ ) زانێك دەرئـەکەوێ ، تەنهـا چیرۆکێکی دڵـداریێی شیـرین و خوسـرەو و کارەسـاتی فەرهـاد و سـەرەنجامی تراژێدیایێیان و خۆ تێهەڵقورتاندنی پڕ لەنەگبەتێی شیرۆیەی کوڕی خوسرەو نیە لـە ژیـانی باوکیا . بـەر لە هـەرچی شاکارێـکی ئەدەبییـە لە شـێوەی داستانێکا . ئـەوەی فارسێ و گـۆرانێ بـزانێ و بەراوردێـکی خوسرەو و شیرینەکەی شاعیری بەناوبانگی بە دایك کورد* و بە باوك ئاذەربایجانێ و بە زمانی ئەدەب فارسێ : ( نیظامێ گەنجەوێ ) بکا لەگەڵ ئەم کارەی شاعیرێکی ناو و نیشان کـورد کردۆیەتی کـە بەداخەوە هـەر ئەوەندەی لـێ ئەزانێن پێیئەڵێن ( خانای قوبـادێ ) ، یاخود وەك خۆی لە شوێنێـکی کتێبەکەیا بە خۆی ئەڵێ ( خانای خان قوباد ) ، بۆی دەرئەکەوێ کارەکەی نیظامێ گەنجەوێ لە چاو کارەکەی ئەمـا وەك ئەسکالێتێـك دێتە پێش چاو خانـا بە پێشـاندانی دیمەنی جوان و وەصفی ورد و دەربڕ و ڕەوانبێژییانەی گۆشت و دەمار و پێستی پێ پۆشێبێ و خوێـنی تێزاندبێ و گیانی کـردبێ بە بـەرا ، لەگەڵ ئەوەشدا کە کارەکەی خانا ( ٥٥٢٦ ) بەیت و هینەکەی نیظامێ « بەگوێرەی

---

* نیظامێ گەنجەوێ لە ( لەیلا و مەجنون )ەکەیدا وا باسی دایکی ئەکا :

**گر مـادر من رئیسـهء کرد ،**
**مادر صفتانه پیش من مـرد ،**
**از لابـەگری کـرا کنـم یاد ،**
**تا پیش من آردش به فریـاد ؟**

واتە ئەگەر دایکی من کە سەرۆکی کورد بو ( یا ناوی « رئیسـة » بو و کورد بو ) دایك ئاسایێ بەر لە من ، یا لە بەردەمی مـنا ، مرد ، من لە کوڕۆزانەوەی خۆما هاوارە کێ بکەم تا بێ بە هاوارمەوە و بیهێنێتە لام ؟

چاپی ۱۹٦۰ی ئەکادیمی‌ی ئاذەربایجان لە باکۆ » ( ٦۱۸۸ ) بەیتە و بەو پێیە ئەبۆ ئەمی نیظامی بالآتر بوایە چونکە قەوارەی ڕازەکە لای هەردوکیان تێکڕا وەك یەکە .

زۆر بە ئاواتەوە بۆم بـۆم بلوایە بەیت بەیتی ئەم شێــرین و خوسرەوە نازارەم لێك بدایەتـەوە تا بۆ هەمـو کورد زمانێـك وەك بۆ ئەوانە بـوایە کە زاراوەی گۆرانی ئەزانن . بەلاْم بەداخەوە کارێکی‌وا کاتێکی زۆری ئەویست و وەك وتم لەچاپدانیشی دارایەکی زۆری پێویست ئەکـرد و هێچیشیان لە دەسەلاْتا نەبو . بۆیە ئەمەی کـە ئیستا ئەیخەمە بەردەسـتی خوێندەوارانی کورد ، ئەگەر بمانەوێ بێ زیادە ڕەوێ بدوێین ، تەنهـا تێکستی لێك‌دراو و بەراورد کراوی دۆ نوسخەی جیا جیای شێرین و خوسـرەوە لەگەڵ نێمچە هەلاْوێردنێکی یەکێکیان لە هەندێ شوێنا و ئەویان لە هەندێ شوێنی‌تردا و هەولێکی سەرەتایی ڕاسـت کردنەوەی بەشی زۆری وشـە نەزانراوەکانی . دیارە مەبەستم ئەوە نیـە کارەکەی خۆم لە بـەردەمی خەڵکدا بە کەم پێشان بدەم . ڕاستەکەی ئەوەی من کردۆمە ئەوەتە تێکستێکم خستوەتە بەردەستی خوێنـدەواری کوردو کـاری لێکۆڵـەرەوەی دوازۆژم ئاسـانتر کـردوە و فەرهەنگۆکێکی پتـر لە ( ۳۲۰۰ ) وشـەیێ بەشـی هـەرە زۆر ــ گۆرانـیم لەم شێرین و خوسرەوە دەرهێناوە . جا ئەگەر هەر خۆم بۆم لوا جارێکی‌کە بەسەر کارەکەی خۆمدا بێمـەوە و پوخت‌تری بکەم ئەوە ئـارەزۆی دڵمە و ، ئەگینا بێ‌گومان ڕۆژێـك دێ نەك هەر ئـەم تێکستە ، هەمـو پاشماوەیەکی ئەدەبی‌ی نەتەوەکەمان بخـرێتە بەر تێشکی لێکدانەوە و لێکۆڵینـەوە و وەك پاشماوەی ئەدەبی‌ی گەلانی‌کە ئامادە بکرێن و کۆڕی ئەدەبیان پێ برازێنرێتەوە.

★ ★ ★

بەداخەوە ئێمە مێژۆی ژیانی ( خانا ) نازانین تا تێ‌بگەین ئاخۆ یەکێ بوە لە مەلا پایە بڵندەکانی کوردستان ، یا هەر یەکێك بوە لەوانەی پێیان ئـەوترا ( میرزا ) و چێژێـکی شیعر و ئەدەبیان هەبـو و بە هێزی خۆیـان توانایەکی ڕۆشنبیریـیان بۆ خۆیان پێك‌ئەهێنـا و هەر لـەم ڕێگایەوە هێ‌وایـان تیا هەڵئەکەوت ئەبو بە سەرامەدی دەوری خۆی . بۆیە ئەبێ بۆ زاڵ کردنی تێشکی ئاگاداری بەسـەر کەسایەتی‌ی خانادا ، تا ئەو ڕۆژەی شتێکی باوەڕ پێ‌کراوی بەش کردۆمان لەبارەیەوە بۆ دەرئەکەوێ ، پەنا هەر بەرینە بەر بەرهەمەکانی خۆی کە تائیستا لـەم شێرین و خوسـرەوە و لە چەنـد پارچە شـیعرێکی بەولاوەمان لەدەستا نیە .

لەو شیعرانەی خانا کە بۆ ئێمە ماونەتەوە ( حەوت بەند )ەکەی نیشانەی ئەوەن کە هەم مەلایەکی ئاگـادار بوە و هەم پیاوێکی دڵ دڕدۆنـگیش بوە . مەسەلەی ( جەبر و ئیختیار ) واتە ئاخۆ بنیادەم خۆی دروستکەری کاری خۆیەتی وەك موعـتەزیلەکان ئەڵێـن ، یاخود خـوا بە زۆر پێـی ئەکا وەك جەبریەکان ئەڵێن ، یا نێمچە دەسەلاتێکی کەم یا زۆری هەیە وەك بەشەکانی ئەهلی سوننەت ئەڵێن ، مەسەلەیەکە نەك تەنها بیری خاوەن بیرانی پێشەوەی ئیسلام ، بەڵکو تێکڕای فەلسەفەی ئایدیایی خەریك کردوە . لەناو ئەوانـەدا کە لە سەدەکانی تاریکایی داهاتنی بیری ئیسلامدا ئازایانە مەشخەڵی بـیری ئازادیان هەڵگرتوە و ڕێگای پرس و توێژینەوە و گومانیان گرتـوەتە بەر خانا لوتکەیەکی ڕۆشنە . لەو ( حەوت بەندە )یدا هەرچەند ناتوانێ دەس بە هەمو شتێکەوە بنێ ، جـێ پەنجەی خـۆی بە ژیانی بیریی جیـهانی ئیسلامەوە بەجێهێشتوە . ئێـرە جێگەی لێکۆڵینـەوەی ئەم بابەتە نیە و بـا بمێنێ بۆ شوێنی خۆی . من لەم نمونە هێنانەوە تەنها ئەوەندەم مەبەست بۆ بـگەمە ئەو ئەنجامە کە خانا ( کۆلکە خوێندەوار ) نەبوە ، ئەگینا پەنجەی نەئەخستە بابەتیوا قورس و پڕ مەترسییەوە .

نەك تەنها حەوت بەندەکەی، خۆش بەختانە ئەم شیرین و خوسرەوەشی لەبارەی ڕۆن کردنەوەی پایەی زانستیی خاناوە بابەتێکی هەزار و بێ دەرامەت نیە ، گەلێ شتی لێ هەڵئەکرێنرێ . بۆیە من لێرەدا وردە وردە ئیشـارەت بە هەندێ بابـەت ئەکەم کـە لە خوێندنـەوەی تێکستی کتێبـەکەوە دێـنە بەردەستی خوێندەوار و بەگوێرەی توانـا و پێویستیی شوێـن لەسەریان ئەنوسم .

لە چوار چێوەی ئەو پـەراوێزە ئەدەبییەدا کە خانـا بۆ تێکستی ڕازی ڕوداوەکانی شیـرین و خوسرەو و فەرهاد و شیـرۆیە و دەس و پێوەندی دەربار و کۆڕی جەنگ و ڕاوێژ و ڕابواردنی ئەمانەی کردوە ، گەلێ بابـەتی وامان دێتە ڕێ باری تێگەیشتن و بیر و باوەڕی خانامان لەبارەی گەلێ ڕوی ژیانەوە بۆ دەرئـەخەن . ئـەوەی ئەم داسـتانە ئەخـوێنێتەوە لـە هەستی شانازیی خانا بە خۆی ، بە کورد ، بە کوردستان ئاگادار ئەبێ .. بە باوەڕی لەبارەی سـتەم و داد پـەروەریێ و جۆری حوکمـڕانێ و ڕژێمی کۆمەلایەتێ ئاشنا ئەبێ .. هەڵوێستی دەربارەی ئافرەت و خۆشەویستێ و بەسەربردنی ژیان و گەلێ بابەتیتریاوە بۆ دەرئەکەوێ .. شارەزای گەلێ سەری ژیانی ناوەوەی دەرباری حوکمڕانان و پیلان گێڕانیان و پەیوەندی ڕاسـتەقینەی حوکمڕانان و کاربەدەستانی بەردەسـتیان و جـۆری بیر کردنـەوەی چینی

حوکمڕان ئەبێ .. لە فۆلکلۆری جەنگ و ڕاو و ڕابواردن و شایێ و شێوەن و گەلێ سەری‌تری ژیانی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵی کۆنی کوردەوارێ شارەزا ئەبێ .. بەڵێ ڕاستە خانا کە لەم باسانە ئەدوێ باسی سەردەمێکی تایبەتێ و کەسانێکی تایبەتێ ئەکا بەئاسانێ نابەسرێنەوە بە کوردستان و کۆمەڵگای کوردەوە . بەڵام من وای بۆ ئەچم خانا بۆ دروست کردن و خستنە قاڵبی ڕۆداو کەرەستەی لە ژیانی سەردەمی خۆی وەرگرتوە یاخود بە واتایەکی‌تر بێڵێین ژیانی بێرێ و کۆمەڵایەتێی کوردستانی دەوروبەری خۆی لە سەردەمی خۆیا لە چوار چێوەی ڕازی خۆشەویستێی شیرین و خوسرەودا خستوەتە ڕۆ . ئەوە زۆر ئاسان‌تر و عەقڵ گرتوترە ڕۆداوەکە بخەینە چوار چێوەی ژیانی سەردەمی خۆتەوە تا بڕۆی لەنێو پەڕەی کتێبە کۆنا باسی سەردەمی ڕابوردۆ و جۆری ژیانی ئەو سەردەمە بدۆزیتەوە و ڕۆداوەکەی لێ بئاڵێنی ، ئەمە ئەگەر بابەتی‌واش لەنێو پەڕەی کتێبە کۆنا دەسگیر ببێ .. ئەمە ڕاستییەکە بە درۆدا ناخرێتەوە و بۆیە ئەو شتانەی خانا لەم بابەتانەوە باسیان ئەکا نرخێکی تایبەتییان هەیە بۆ پەردە هەڵماڵێن لە ڕۆی ژیانی کۆمەڵایەتێی ئەو سەردەمەی ئەو ناوچانەی کوردستان کە خانا تیایانا ژیاوە و شارەزایان بوە و تێکڕا کوردستانی ڕۆژەڵات و ڕۆژەڵاتی باشوڕ ئەگرێتەوە .

خانا هەرچەند لە سەردەم و شوێنێکی پێشکەوتۆدا نەژیاوە گەوهەری بەهرەوەرێ و لێ‌هاتنی تیا تێشك بداتەوە ، خۆی ، خۆی باش ناسیوە و لە تاقێ کردنەوەی ژیان ئەوەندەش حاڵێ بوە کەوا پیاوی بەهرەمەند هەمیشە لەژێر خۆڵی پێ‌نەزانینا نامێنێتەوە . لەگەڵ ئەوەشدا کە زیاتر لە جارێ بە شان و باڵی ( نیظامێ )یدا هەڵداوە ، خۆی لەو بە کەمتر دانەناوە . بە خۆی ئەڵێ بێتە مەیدانی کارەوە و بەرهەمێکی وەك بەرهەمەکەی نیظامێ شایان بخاتە بەردەست تا خەڵکیش بیناسن و بازاڕی ڕەواج پەیدا بکا و لای‌وایە بێ کارێکی‌وا عومری بە زایە ئەڕوا . تەنانەت وایش پێشان ئەدا ئەم ئەرکەی لە غەیبەوە خراوەتە ئەستۆ و نوسینی شیرین و خوسرەوەکەی بە گوێ‌ڕایەڵێی فەرمانی سرۆش دائەنێ :

**ئەو ڕۆ کە خامەی عەنبەر شەمامە**<br>
**وەش بۆ کەرد جە موشك ئینشای ئەی نامە**

**تەئریخ هیجرەت ( ختم المرسلین )**<br>
**موطیع دیوان شەرح شەرع و دین**

**ڕۆی دۆشەممە بی ( ذی حجة الحرام )**<br>
**هەزار و پەنجا و یەکصەد سێ تەمام**

ناگا جه وەختێ مێنای صوبح دەم
جه جام خورشێد ڕەوشەن بێ چون چەم

جه پەردەی ئەسرار لامەکان ماوا
سرۆشێ بەی طەور بەگۆشم یاوا

واتێ : هەی شوعەرای خۆش نەظم و شێوە
جانشێن قەیس پەی لەیلا لێوە

چێش مبۆ چون نەظم ( نیظامێ )ی دوڕ سەنج
به لەفظ شێرێن به بێ لاره و لەنج

جه وەصف فەرهاد شێرێن و پەروێز
باوەری به ڕەقص خامەی عەنبەربێز

عەیبەن پەرێ تۆ دانای دوڕ شناس
دەمێ چون صەڕڕاف یاقوت و ئەلماس

جەی بازار عەشق جه ڕای پڕ هۆشێ
مەشغوڵ بی به کار جەوهەر فرۆشێ

حەیفەن وێنەی تۆ جەواهیر بارێ
نەکەرۆ پەی وێش ڕەنگین بازارێ

خاطرت جەم بۆ جەوهەرێ لاڵ سەنج
دانای دوڕ شناس ، گەنجوور کۆی گەنج

هەرکەس وێنەی تۆ گەوهەر بارشەن
دانا و بزورگان خرێدارشەن

گوشاد کەر زوبان جەواهیر بارت
تا گەرم بۆ ظەریف سەودای بازارت

وەر نه جه دەوران تۆ جه بێ کارێ
عومرێ به زایه و به پۆش مویارێ

ئەم ئەرکەش لە هەستێکی خاوێنی نەتەوە پەروەرێ و شانازێ کردن بە کورد و کوردستانەوە ئەخاتە ئەستۆی خۆی و ئەڵێ هەرچەند فارسێ زمانێکی وەك شەکر شیرینە ، کوردیش لە فارسێ شیرین‌ترە و پێویستە لەم دنیای بەد ڕەفتارەدا ( کە تا ئیستا ڕێی بەکارهێنانی زمانی خۆمانی لێ

گرتوین ) هەرکەس ئەو زمانەی خۆی بەکار بێنێ کـە خوا پێی‌داوە و کەواتە ئەبێ ئـەم ڕازی شیـرینی شـیرین و خوسرەوەش ، وەك چـۆن نیظامی هۆنیویەتـەوە ، منیش بیهۆنمەوە و بـە کوردیش بیهۆنمـەوە تـا تێکڕای خەڵکی کوردستان لێی بەهرەمەند ببن :

**یا ڕەب بە فیراق فەرهاد کۆکەن !**
**بە خورشید حوسن شیرین ئەرمەن !**

**بە ئیستیلای عەشق خوسرەو پەرویز !**
**بە خۆش خیرامیی گوڵگون و شەبدیز !**

**بە خامەی موشکین شاپوور چینی !**
**بە ناز شیرین ، بەو نازەنینی**

**بە ساز و بە لەحن شۆخ نیکیسا !**
**بە نەبێر ئاهەنگ موعجیزەی عیسا !**

**بە طوغیان دەرد بێ دەرمان عەشق !**
**بە طۆفان سەدد ئەسر مەینەت مەشق !**

**وینەی ( نیظامی ) صەیقەل دەر زەینم ..**
**بە سورمەی دانش ڕەوشەن کەر عەینم ..**

**تا کە ماجەرای شیرین و خوسرەو ،**
**سەنگ تاشیی فەرهاد ، سەرگوزەشت ئەو ،**

**باوەرۆ وە نەظم خاستەر جە گەوهەر**
**بە ڕەشح خامەی شۆخ بۆ عەنبەر**

**ڕاستەن مواچان فارسی شەکەرەن**
**کوردی جە فارسی بەڵ شیرین‌تەرەن**

**پەی چێش ؟ نە دەوران ئەی دنیای بەدکێش**
**مەحظوظەن هەر کەس بە زوبان وێش ..**

**مەعلومەن هەر کەس بە هەر زوبانێ ،**
**بواچۆ نەظمێ جە هەر مەکانێ ،**

**وینەی عورۆسان زیبای موشك چین ،**
**بکەرۆش جە حوسن عیبارەت شیرین ،**

**خاریج جە مەعنێ نمبۆ مەضمونش ،**
**کریابۆ چون شیعر ( جامێ ) مەوزونش ،**

**جە لای خیرەدمەند دڵ پەسەند مبۆ ..**
**شیرینتەر جە شەهد شیرەی قەند مبۆ ..**

**جە عەرصەی دنیای دوّن بەد فەرجام ،**
**بە دەستوور نەظم ( نیظامێ ) تەمام ،**

**بە لەفظ کوردێ ، کوردستان تەمام***
**پێش بوان مەحظوظ . باقێ ( والسلام ) ...**

خانا لە تاقێ کردنەوەی ژیـانی خۆیەوە گەیشتوەتە ئەو ئەنجـامە کە ڕژێمی ستەم دنیا بەڕێوە ئەبا و جیهان داد پەروەریێ تیا نیە :

**خانا ، بۆ ، وەسەن زوبان درازێ ..**
**کوّن ئەو صاحیب عەدڵ تۆ پێش بنازی ؟ !**

**کوّتا کەر ئەی حەرف بە دەوان دەو**
**وێر دەر بە فرمان دڵگیر خوسرەو ..**

هەستێکی قوڵی نارەزایێ لە جەور و ستەم و عەوداڵییەکی بەسۆزی بەدوای داد پەروەریـدا تیا بوە ، ژیانی خۆشی لە داد پـەروەریێ ڕژێمی کۆمەڵایەتییەوە ناسیوە :

**جە گەرمێی ئافتاو عەدڵ و ئینصافش ،**
**جە بەرق شمشێر خارا شکافش ،**

**گورگ و مێش جە عەدڵ ئەو جەمێن چون شەم**
**صیغەی ئیخوانێ وەندشان وە هەم ..**

---

* لامۆایە لەمەوە دەرئەکەوێ کەوا تا ئـەو سەردەمەش خانا ئەم کتێبەی نوسیوە ، شێـوەی ( گورانێ ) زمانی ئەدەبیێ یەکگـرتوی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوە ، چونکە خانا ڕازەکەی بەم زاراوەیە هۆنیوەتەوە . بۆیـە من لێرەدا ( کوردستان تەمام )ەکەی خانـا ئەخەمە تەنها چوار چێوەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە چونکە لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستانی گەورەدا لەو سەردەمەدا زمانێکی ئەدەبیێتر بوە کە کرمانجیێ سەرووە .

به شاهێش مەردوم بەو طەور بێن خورسەند ،
بە عەدڵ و دادش مەوردن سەوگەند ..

سەنگ دڵەی سەخت ظاڵمان شۆم ،
نەرم بێ جە قورص ئوستورلاب مۆم ..

زەراعەت جە نۆر ئەو زولف بۆ عەنبەر
یەك بە صەد مكەرد ، بەڵكە زیادتەر ..

تەنانەت لای وابوە سەنگ و تەرازوی هەڵسەنگاندنی خەڵك لای خواش داد پەروەری و نا دادپەروەرییە و داد پەروەری بە بەهەشتی زانیوە ئەگەرچی كافریش بێ :

مەعلوم بۆ جە لای بزورگان دەور :
هەر كەس عادڵ بۆ چون هورمز بەی طەور

بەرگوزیدەی ذات حەیی ئەكبەرەن ..
مەحفوظەن جە نار ئەر صەد كافرەن ..

ئەڵێ ئەگەر پاشا دادپەروەر بێ ، واتە ئەگەر ڕژێمی كۆمەڵایەتی ڕژێمێ بێ بۆ سودی كۆمەڵانی خەڵك ، زەوی ئەبێ بە عەنبەری بۆن خۆش و ، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر پادشا ستەمكار و بەد بێ و بیر لە سودی گشتی نەكاتەوە وڵات وێران ئەبێ و خەڵك حەسانەوە بە چاوی خۆیان نابینن :

بەڵێ جە خانای عەطارید خامە ،
مونشیی وەصف زولف عەنبەر شەمامە ،

بە سەمع شەریف بشنەو حیكایەت :
ئەر قەصدش خێرەن والیی ویلایەت ،

بە جای گوڵ زەمین ماوەرۆ گەوهەر ..
سەنگ مبۆ بە لاڵ ، خاكش بە عەنبەر ..

ئەر والی بێ عەدڵ ، شەرارەت پیشەن ،
بەد جینس ، بەد كار ، دور جە ئەندیشەن ،

ولگەی مەملەكەت كەی مەعمور مبۆ ؟
ئەیمەنی و ڕاحەت جە خەڵق دور مبۆ ..

بە پێویستی سەرشانی پادشاهانی دائەنێ كە دادپەروەر بن و لەگەڵ

نۆکەر و لەشکری خۆیانـا بگونجێن و دڵی خەڵکێ شـاد کەن و ئەمێن نەبن لەوە کە جارێك دوعـای ستەمدیدەیەکیان لێ بکەوێـتە کار تاج و تەختیان بشێوێنێ :

**واتش : ئەی خوسرەو ، دانای خیرەدمەند ،**
**وینەی بابای ویت چێش مبۆ یەك چەند**

**چەنێ سوپاهێ و نۆکەر بسازی ؟**
**بتەرسی جە مەرگێ ، مەظلوم بنوازی ؟**

**دەمێ هەم بە عەدڵ مسکینان کەر شاد !**
**مەملەکەت بە عەدڵ دادت کەر ئاباد !**

**حەذەر کەر جە چەنگ سەرهەنگ ئەجەل**
**فەلای زیندەگیت بکەرۆ قەبەل ..**

**خۆف کەرە ، خوسرەو ، صوبحێ یا ئێوار**
**دوعای مەظلومێ لێت بگنۆ بە کار ...**

شێوەی ڕاسـتی چارکردنی گیر و گرفت و بڕیـار دانیشی بە پرس و ڕاوێژ زانیوە و لای وا بوە تەنها لێکۆڵینەوە و ڕاوێژ بە یـەك کردنی کۆمەڵ ئەتوانێ کار مەیسـەر بکا و بیری تاقە کەس ، با ئـەو کەسەش زۆر وریا و خاوەن بیر بێ نامانگەیەنێتە ئەنجام :

**بەڵێ دەستوورەن نە عەرصەی دەوران :**
**وەختێ کار سەخت ڕۆ دۆ نە ئینسان ،**

**ئەر چون ئەفلاطوون مۆ شکاو مبۆ ،**
**فرێ پێش خەریك هەم خەرکاو مبۆ ..**

**خوسرەو کەرد بە هۆش ڕەوشەنێی ضەمیر**
**ئەی کارە بە دەست ڕوجوع تەدبیر**

**پەی چێش ؟ مواچان : یە پەند پیرەن**
**تەحلیل موشکوڵ هەر بە تەدبیرەن ..**

خانا ، وەك لە تێکسـتی شیرین و خوسرەوەکەیەوە پتر لە جارێ دیاری ئەدا ، لە مەیدانی مۆسیقادا شارەزایێ بوە . بۆ نمونە لە چەند شوێنا ناوی پەردەکانی مۆسیقا ئەهێنێ و وایشیان باس ناکا کە تەنها لە ( نیظامی )یەوەی

وەرگێڕابێتە سەر کوردیی . لەم شیرین و خوسرەوەدا ناوی پەردەی ( عێراقی ) و ( حیجاز ) و ( بزورگ شەهناز ) و ( گەنج باد ئاوەرد ) و (گاو گەنج ) و ( گەنج سۆختە ) و ( شادڕەوان مرواریی ) و ( تەخت طاقدیسی ) و ( ناقوس ) و ( حوقەی کاوس ) و ( موشك دانە ) و ( ئارایش خورشید ) و ( نیمە ڕۆز ) و ( قوفل ڕۆمی ) و ( سەروستان ) و ( سەرو سەهی ) و ( نۆشین بادە ) و ( ساز نەورۆز ) و (موشك مالی ) و ( دلارای شەودێز ) و ( شەب فەڕڕۆخ ) و (ڕۆز فەڕڕۆخ ) و ( غونچەی کەبك دوریی ) و ( نەخچیرەگان ) و ( کین سیاوش ) و ( کین ئیرەج ) و ( باغ شیرین ) و ( نەورۆز ) و ( عوششاق ) و ( ماهۆر ) و ( مەغلوب ) و هی‌تریش بەرچاو ئەکەوێ کە زۆربەیان وەك بە ناوەکانیانا دەرئەکەوێ ( مۆسیقای تەصویریی )ن. هەروەها خانا ناوی گەلێ لە ئامرازەکانی مۆسیقاش ئەهێنێ وەك ( ساز ) و ( چەنگ ) و ( نەی ) و ( دەف ) و ( عود ) و ( سەمتور ) و هی‌کە .

بە درێژیش لە گەلێ موناسەبەتی باسی ئەستیرە گرتنەوەدا بۆ زانینی بەختەوەریی یا نەگبەتی ، شارەزایی خۆی لە زانستی ئاسمان شوناسی پیشان ئەدا و ناوی ( زیج ) و ( ئوستورلاب ) و ئەستیرەکان و بورجەکانی ئاسمان دێنێ ، هەر یەك لە جێی خۆیاندا و بەجۆرێك کە نیشانەی ئەوە بێ لە گۆترە قسە ناکا .

هەروەها لە خوێندنەوەی ئەم شیرین و خوسرەوەوە ئەگەینە ئەوە کە خانا شارەزایی لە زانستی ئابوریشدا هەبوە . قسە لە قانونی ( پیشان و داوا ــ العرض والطلب ) ئەکا و ئەڵێ :

**پەی چێش ؟ کە دنیا یە بازارشەن**
**هەر جینسێ دوو کەس خڕیدارشەن**

**بەی طەورەن دەستور جە لای سەوداگەر**
**بەهای ئەو جینسە مبۆ گرانتەر**

تەنانەت هەڵگرتنی کەل و پەلیش بە نیازی فرۆشتنی لە دوارۆژا بە گرانتر بە کارێکی سودمەند نەزانیوە لەبارەی ئابوریەوە و لای وا بوە ئابوریی فامی ڕاستەقینە مادەم کەل و پەلەکەی ڕەواجی بێ زۆ ئەیفرۆشێ و لای خۆی ڕاگیری ناکا و ئەو فرۆشتنەی و خستنەوە کاری پارەکەی بۆ کڕین و فرۆشتنی کەل و پەلی نوێ قازانجی زیاترە بە بەراورد لەگەڵ هەڵگرتنیا بۆ ماوەیەك کە بنیادەم خۆی نازانێ زۆر ئەخایەنێ یا کەم ئەخایەنێ ، بە نیازی فرۆشتنی بە گران و ئاخۆ پاشان ئەو پارەیە ئەکا کە ئەو مەبەستیەتی یا نە :

بەڵێ جە لای ئەهل دانای دیارێ
خاس نیەن کەرۆ کەس تیز بازارێ

مەتای هەرکەسێ خڕیدارشەن
ئەر زۆ بۆەرشۆ صەرفەی کارشەن

دەولەمەند ئەوەن کاڵای ویش دایم
چون ڕەواجش بۆ نەکەرۆش قایم

لە شیرین و خوسرەوی خاناوە دیاری ئەدا خانا خۆیشی دڵدار بوە . لەویادا کە باسی هۆیەکانی دانانی کتیبەکەی ئەکا ، ئەڵێ :

واتن : هەی شوعەرای خۆش نەظم و شیوە !
جانشین قەیس پەی لەیلا لیوە !

کەواتە وا خانا خۆی کرد بە جێنشینی مەجنون و خۆی بە شێتی لەیلایەك دایە قەڵەم . لە ڕاستیدا سەرەڕای ئەم پێ لێنانەی خانا خۆیشی زۆر دۆرە شاعیرێ بتوانێ ڕازی دڵدارییەك وا بەسۆزەوە بنوسێ ئەگەر لە تاقێ کردنەوەی ژیانی خۆی و ژانی تایبەتێی خۆیەوە کەرەستەی ڕازاندنەوەی کارەکەی وەرنەگرێ . توانایوا هەرگیز لە ئاگادارییەکی ( نەظەرێ )ی خۆشەویستییەوە بۆ کەس مەیسەر نابێ . ئەوەی خانا دەریئەبڕێ ئەنجامی ئاگرێکی بەتینی عەشقە بەربوەتە دڵی و کارێکی لێ کردوە بڵێ :

بەڵێ ، زۆر عەشق ضەرب پەنجەی فەرد
سەدد ئەسکەندەر مکەرۆ بە گەرد

بەرق شۆڵەی عەشق نە ڕۆی عەرصەی دەور
بگنۆ بە هەرکەس چون ترێشقەی هەور

تا ظوهور سەخت ڕۆی ( یوم القرار )
مکەرۆش وە پەند واتەی ڕۆژگار ..

سۆد سەودای عەشق دایم گریانەن ..
قنیاتش هەر زۆخ جەرگ بوریانەن ..

شەڵلا کەس سەرسام سەودای عەشق نەبۆ !
منەت زەدەی دەرد مەجنون مەشق نەبۆ !

بەڵام صەد داخ و صەد مخابن .. کڵاو ڕۆژنەیەك نیە لێیەوە بڕوانینە

مێژوی ڕابوردو بزانین ئەم لەیلای خانایە چۆن کچە کوردێك بوە .. ئاخۆ دڵی بەخشیوە بەم مەجنونە دڵسۆزەی ، یان ئەوینی ژمارەیەکی‌تری خستوەتە سەر دەفتەری شەهیدانی لە ژمارە نەهاتوی دەردی عەشق ؟!

★ ★ ★

ئەگەر بە وردی لەم شیرین و خوسرەوەی خانای قوبادی بکۆڵینەوە گەلێ داب و نەریتی کۆنی کوردەواریمان بۆ ڕون ئەبێتەوە کە مەگەر هەر لەم جۆرە بەڵگانەدا خرابنە سەر کاغەز و سەرچاوەیەکی نوسراوی تایبەتیان نیە . بۆ نمونە لە باسی لەدایك‌بونی خوسرەودا ( ل ٢١ ـ ٢٣ ) چۆنیەتی بێشکە دروست‌کردن و ڕازاندنەوەی و بەشەکانی ئەو پۆشەمەنیبانەی لە بێشکەدا بەکار هێنراون و ئەو جل و بەرگانەی کراونەتە بەری خوسرەوی مناڵ (یا هەر مناڵێکی کەی چینی سەرەوەی کۆمەڵ) هەمو ڕون کراونەتەوە .

لە باسی جەنگی خوسرەو و بارامی چۆبینا ( ل ٢٥١ ـ ٢٥٦ ) بە درێژی باسی لەشکر ئارایی و ئەو جۆرە چەکانەی هەردولا بەکاریان هێناوە و جۆری بە ڕوی یەکا هەڵشاخانیان لە شێوەیەکی ڕەوان بێژیانەی ڕازاوەدا ڕون کراوەتەوە .

لە باسی ئەنجومەن گرتنی خوسرەوا ، پاش بەزینی بارام چۆبین و بیستنی هەواڵی مردنی ( ل ٢٨٩ ـ ٣٠٠ ) ، خانا بە درێژی جۆری بیر و باوەڕی پادشاهانی ئەو سەردەمە و ئایدیای حوکمڕانییان و هەڵوێستیان بەرابەر بەردەستیان پیشان ئەدا و نمونەی بیر و باوەڕیان ئەخاتە ڕو کە چۆن مێشکی خەڵکیان سڕ ئەکرد و کارێکیان ئەکرد کەس بیر لە بەربەرەکانێیان نەکاتەوە . لە باسی پیلان نانەوەی شیرۆیەیشدا بۆ کوشتنی باوکی و قایل کردنی پاسەوانەکانی و بێدەنگ کردنیان و پاشانیش سەر شۆڕ کردنی کاربەدەستە گەورەکانی دەوڵەت ( ل ٦٦٩ ـ ٦٨١ ) نمونەیەکی ئەو حوکمڕانییانەمان دێتەوە پێش چاو کە لەسەر بناغەی سودی کۆمەڵ و وەفاداری بۆ ئایدیایەکی بەرز و پاك دانەمەزراون و پارێزگارەکانیان هەر کە لە سودی تایبەتی خۆیان بێ‌گومان بون و متمانەیان کرد توشی هیچ زیانێك نایەن ، زو دەستیان لێ ئەشۆنەوە و پشتیان ئەدەن بە زەویدا . هەروەها لەبەرئەوەش کە ئاشکرایە خانا یا هەر شاعیر و نوسەرێکی‌تر بۆ تۆمار کردنی ئەم جۆرە بابەتانە ، وەك وتمان ، زیاتر کەڵك لە باری هاوچەشنی دەور و چەرخی خۆی وەرئەگرێ تا لە کتێبی کۆن ، ئەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە کەوا ئەوەی خانا ئەیگێڕێتەوە و ئەیداتە پاڵ خوسرەو وێنەیەکی ژیانی چینی

سەرەوەی سەردەمی خۆشیەتی. ئەمەش ، بە تێگەیشتنی من ، بۆ لێکدانەوەی مێژۆی کۆمەڵایەتیمان ڕۆناکییەکی باش و کەرەستەیەکی بەکەڵکە ، نەخوازەلا کە ئێمەی کورد مێژۆمان لە گەلێ ڕووەوە بوە بە باخی بێ باخەوان و بەرهەمی کۆنەکراوەتەوە .

هەر لەو بابەتانەی ئەتوانێن وەك کەرەستەیەکی فۆلکلۆریێ کەلکێکی باشیان لێ وەرگرێن و خانا لەم کتێبەیدا جێی کردۆنەتەوە ، باسی لاواندنەوەی خوسرەوە لەلایەن شیرینەوە ( ل ٧٠٦ ــ ٧٠٩ ) و باسی شتن و کفن کردنی ( ل ٧١٠ ــ ٧١١ ) و گۆڕ بۆ هەڵکەندنی ( ل ٧١٣ ــ ٧١٤ ) وجل و بەرگی ئازیەتباریێ لەبەرکردنی شیرین ( ل ٧١٤ ــ ٧١٥ ) و باسی چۆنە گەرماوی و شتنی لەلایەن کەنیزەکەکانیەوە ( ل ٧٤٩ ــ ٧٥١ ) و خشڵ و قوماشی جل و بەرگی ژنانە و خۆ ئارایشت دانی ژنان ( ل ٧٥١ ــ ٧٥٦ ) . ئەمانە هەمۆ شایانی ئەوەن بکرێن بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی لێکۆڵینەوەی ژیانی ئەتنۆگرافیایێی کورد و گەلێ کەرەستەی بەنرخیان لێ دەربهێنرێ . سەرەڕای ئەوەش کەوا ئەم هەمۆ جۆرە جل و بەرگ و بۆن خۆشێ و کەلوپەلی ئارایشت و کەرەستەی جەنگ و ڕاو و ڕابواردن و خواردنەوە و خواردن و ئەم هەمۆ ڕەنگانەی کە خانا ناویان ئەهێنێ (ل١٨٧ و هەندێ شوێنیتر ) نیشانەی پلەیەکی پێشکەوتوی شارستانەتین کە کوردستانی ئەو دەمەی پێ گەیشتبو .

★ ★ ★

خەباتی شیرین بۆ پاراستنی مایەی سەربەرزیێ خۆی و خۆ بە دەستەوە نەدانی و نەبۆنی بە هۆیەکی ڕابواردنی خوسرەو وبەرگریێ کردنی لە مافی خۆی لە پێکهێنانی ژیانێکی خاوێنی ژن و مێردێدا ، لەگەڵ ئەو هەمۆ تەقەلایەشدا کە خوسرەو دای بۆ ئەوەی بێ مارە بڕێن دەستی بەسەرا بگرێ ، کە بەشێکی زۆری کتێبەکەی گرتوەتەوە ، هەروەها خۆ بە کوشت دانی لەپێناوی وەفا و پارێزگاریێ ڕۆسوریێ خۆیا کە ئەمیش هەر لە سەرەنجامی شیرینەوە دیاری ئەدا ، لەلایەکەوە ئامۆژگارییەکی بەسۆدە بۆ ئافرەتان کە لە جیهانێکا ئەوان خاوەنی هیچ نین تیایا و پیاو خاوەنی هەمۆ شتێکە ، ئاگاداری خۆیان بن و بە قسەی لۆس پێیان هەڵنەخلیسکێ . لە لایەکیکەشەوە نمونەی شیری پاکی ئافرەت و بیری ورد و خاوێنیەتی نەخوازەلا ئەگەر بەراوردی لەگەڵ هەڵوێستی خوسرەو و شیرۆیەی کوڕی بکەین .

★ ★ ★

پێلان نانەوەی شیرینیش بۆ ژار دەرخوارد دانی مریەمی ژنی خوسرەو و کۆسپ هەڵگرتن لەڕێی خۆیدا ( ل ـ ٤٢٤ ) و تەگبیر کردنی خوسرەو و پیاو ماقوڵانی بۆ لێبونەوە لە فەرهادی دڵدار (ل ـ٣٩٩) و کوشتنی خوسرەو لەلایەن شیرۆیەی کوڕیەوە کە تەماعی کردبوە شیرینی باوەژنی خۆی لەگەڵ ئەوەشدا کە دیارە لەچاو شیریندا زۆر منداڵ بوە ، چونکە لە ڕازەکەوە وا دەرئەکەوێ کە خوسرەو هەر لە شیرین هەر مریەمی هێناوە و ئەبێ شیرۆیە کوڕی مریەم بوبێ و ، دەست بە زاخا چۆنی شیرۆیە بە تۆڵەی شیرین کە هەوەس ڕانیی نازەوا کارێکی پێ کرد بە دەستی خۆی تەخت و تاراجی خۆی لە بن بێنێ ( بەشی دوایی کتێبەکە ) ، ئەمانەش هەمو نمونەی ژیانی بۆگەنی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵی دەرەبەگین خانا دەریان ئەخات بۆمان .

★ ★ ★

خانا وەك نوسەرێکی ئازاد و لە تانە و ناتۆرە لێنان نەترساو ، باسی ناسکترین دەمی بەیەکگەیشتنی پیاو و ئافرەتمان بۆ ئەکا و لە شێوەیەکی ڕازاوەی ئەدەبیدا چۆنیەتی ڕوودانی ئەو کارەمان بۆ ئەگێڕێتەوە ( ل ٤٦٠ ـ ٤٦١ ) و ( ل ـ ٤٦٩ ) و ( ل ـ ٦٣٩ ) . من کە بەراوردی ئەو ڕۆژە و ئیستا ئەکەم کە هێشتا نوسەر ناتوانێ باسێکی کاری جینسی بخاتە چوار چێوەی ڕۆمان یا شیعر یا تەنانەت کتێبێکی ڕۆشنبیریی ڕوتیشەوە بێئەوەی توشی کێشە و سەر ئێشە و ڕێ لێ گرتنی بڵاو کردنەوە و بەر دەم کەوتنی خەڵکی هەڵەوەڕ ببێ ، تێئەگەم خانایەکی لە کوێرە دێیەکی لە ناخی چەرخی دەرەبەگیا ژیاوی ـ کوردستانا چۆن ئازایانە و بێپەروا بابەتێکی وا ناسکی هێناوەتە ئاراوە و زیاتر لە جارێ باسی لێکردوە .

★ ★ ★

لەم شیرین و خوسرەوەیدا ، خانا ناسکترین پارچە شیعری بۆ بابەتی دڵداریی و خۆشەویستی تەرخان کردوە . جوانترین شێوەی ئەدەبیی خۆی بەم مەسەلە نەمرەی مرۆڤایەتی بەخشیوە . هەر لایەکی ئەم کتێبە ئەگری نیشانەی ڕاستیی ئەم قسەیەیە . بۆ نمونە ئەو گفتوگۆ دوور و درێژەی نێوان خوسرەو و فەرهاد ( ل ٣٦٧ ـ ٣٧٠ ) و ، ئەو لەبارەی دڵدارییەوە دوانەی نیکیسا و باربود بە زمانی شیرین و خوسرەوەوە ( ل ٥٨٥ ـ ٦١٤ ) و ، ئەو هەمو گفتوگۆی دڵدارییەی لەنێوان شیرین و خوسرەو خۆیانا ڕابوردوە و ، ئەو هەمو ڕوداوانەی ڕازەکە گشتی و بەتایبەتی باسی فەرهاد ، کە هەمو نیشانەی هێزی خۆشەویستیی شیرین بۆ خوسرەو و فەرهاد بۆ شیرینن ، لە دنیای شیعری دڵداریدا گوڵی تەوقە سەر و سەر سنگ و یادگاری

هەرگیز کوێر نەبووەوە و مێژووی هەرگیز نەسڕراوەن و لە دەفتەری ئەدەبی کوردیشدا هەریەکە شاکارێکن ببڕای ببڕ گەردی زەمانەیان لێ نانیشێ و ڕووی سووریان خۆڵاوی نابێ .

★ ★ ★

خۆ ئەگەر وەك کارێکی ئەدەبیی ڕووت سەیری ئەم پاشماوە گرانبەهایەی خانا بکەین و بە چێژێکی ئەدیبانەوە چاوێك بە هەندێ بابەتیا بگێڕین وەك باسی باری دەروونیی فەرهاد لە کاتی هەڵکەندنی تونێلەکەی بیستوون و نەخشەکانی قەد تاشە بەردەکانا ( ل ـ ٣٧٧ و پاشەوەی ) و باسی ناشیرینیی ئەو ئافرەتەی شیرین خوسرەوی سەرخۆشی ناردبوە سەر جێگای ( ل ـ ٦٣١ ) و باسی ئەو ئێوارەیەی شیرۆیە خوسرەوی باوکی تیا کوشت ( ل ـ ٦٨١ و پاشەوەی ) و باسی ئاکام هاتنی خوسرەو ( ٦٨٣ ـ ٦٨٤ ) و خۆ ئامادە کردنی شیرۆیە بۆ کوشتنی باوکی ( ل ٦٨٧ ـ ٦٨٩ ) و کاتێ کە بەسەر سەری باوکیەوە وەستابو و هێشتا دەستی تێنەچوبو بیکوژێ و لە کێشەیەکی سەختی دەروونیدا بۆ لەنێوان چاکە و خراپەدا ( ل ٦٨٦ ـ ٦٨٧ و ل ـ ٦٩٣ ) و کوشتنەکەی ( ل ـ ٦٩٦ ) و گریان و لاواندنەوە بەسۆزەکەی شیرین بۆ خوسرەو ( ل ٧٠٦ ـ ٧٠٧ ) و ماڵاوایی دڵگیرەکەی لە کەنیزەکەکانی ( ل ٧٥٩ ـ ٧٦٠ ) و پیشاندانە هونەرییەکەی چاوەڕوانیی کردنی خوسرەو لەو دنیادا ( ل ـ ٧٦٠ ) و لالانەوەی شیرین لەگەڵ خۆی و وەسفی دوا تاوەکانی ژیانی و شکاتی بە خەیاڵ لای خوسرەو کە شیرۆیە چیی کرد و چیی بەسەر وڵات هێنا و گفتوگۆ خەیالییەکەی لەگەڵ خوسرەوی نەماو لەبارەی بەهاری نوێوە و ئەنجا خۆ کوشتنەکەی ( ل ٧٦٧ ـ ٧٨٢ ) ، بەڵێ ئەگەر بەچاوی هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبییەوە ئەم بابەتانە بخوێنینەوە بۆمان دەرئەکەوێ خانا چۆن هونەرمەندێ بوە و کارەکەی لە جیهانی ئەدەبدا چ شاکارێکە و مایەی چۆن شانازییەکە بۆ ئەدەبی کورد .

خانا لەگەڵ گێڕانەوەی هەر کام لە ڕووداوەکانی ئەم داستانەیدا تابلۆیەکی ڕەنگین دروست ئەکا وەختە بڵێم ڕووداوەکەی لەناوا ون ئەبێ یا ئەبێ بە چەند پارچەی ورد وردەوە ، هەر کامێکیان شتێکی ئەوتۆی لێ پێك نایەت ، بەڵام لەگەڵ تێکڕای ئەو ڕەنگانەدا کە ئەو بە دەوروبەریا ڕشتویەتی شەبەنگە بە ڕۆژێك ، پەلکە زێڕینەیەکی پاش بارانی لێ پێك دێ بنیادەم هەر حەز ئەکا سەیری کا چۆن بە ئاسمانی ئەدەبی بەرزەوە خەرمانەی داوە .. ئەمە ، بە لای منەوە ، یەکێکە لە نیشانە هەرە دیارییەکانی شیرین و خوسرەوی خانا ، یەکێکە لەو نیشانانەی کە نیظامی بە قولە پێیشیدا ناگاتەوە تیایاندا .

بۆیە ، ڕۆداوەکانی داستانی شیرین و خوسرەو ، وەك خانا پێشانیان ئەدا ، شایانی ئەوەن بین بە کەرەستەی بەردەستی تاقمە هونەرمەندێکی بەهرەدار و لێهاتو کۆمەڵە تابلۆیەکیان لەسەر بکێشن مایەی شانازی بن هەم بۆ ئەدەبی کوردیش و هەم بۆ هونەری جیهانیش .

ئەو هونەرەی خانا لە کتێبەکەیدا بە گشتی و لەو پارچانەیدا تۆزێ لەمەو پێش پەنجەم بۆ ڕاکێشان بەتایبەتی ، دایهێناوە ، شایانی توێژینەوەیەکی پسپۆڕانەیە لەلایەن ئەدیبێکی بالآ دەستەوە کە چێژێکی ئەدەبیی وردی هەبێ و لەوە بەدەرە کە من توانای ئەوەم بێ بە درێژی لێی بدوێم و لەوە زیاتری لەبارەوە بڵێم کە لە چڵە پۆپەی وردی و ڕازاوەیی و جوانی و ڕەوانبێژیدایە . هەر لەمەشەوەیە وا بە متمانەوە ئەڵێم ئەگەر ئەم شیرین و خوسرەوەی خانا بە زمانی یەکێ لە گەلە بۆ لواوەکانی ڕۆژهەڵات یا ڕۆژاوا نوسرابوایە ئیستا یەکێ لە جوانترین و بەرزترین ئۆپێرا و بالێتەکانی جیهانی لێ ئامادە کرابو شانۆ پایە بڵندەکانی جیهان بە شانازییەوە پێشانیان ئەدا و باشترین نوماینەدەیەکی ئەدەبی کورد و گەلی کورد ئەبو لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی جیهانی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریدا . بەڵام چارەڕەشی و نەگبەتییەکەی لەوەدایە بە کوردییە و هی کوردە !

لە چەند دێڕێکەوە کە خانا لە سەرەتای ئەم شیرین و خوسرەوەیدا نوسیویە دیاری ئەدا کەوا شارەزای هونەری هەڵسەنگاندنی ئەدەبیش بوە . پێوانەی خانا بۆ شیعری سەرکەوتو بریتییە لەوە لەبارەی ناوەڕۆکەوە بێمەعنا نەبێ ، لە ڕوی دارشتنەوە ڕازاوە و جوان بێ ، هاوسەنگیش بێ . ئەمە هەڵسەنگاندنێکی ڕاست و دروستە بۆ شیعر ئەگەر دیمەن و ناوەڕۆك لە یەك جوێ نەکەینەوە و ئەگەر نکوڵی لەوە نەکەین کە شیعر خاسیەتی هونەریی تایبەتیی هەیە لە پەخشانی جوێ ئەکاتەوە . ئێمە چیمان ئەوێ لە شیعر لە ناوەڕۆکێکی بەسود و دیمەنێکی هونەری و جوان و هاوسەنگیی تاکانی زیاتر ؟ تا ئەمڕۆ سەنگ و ترازویەکی لەمە وردتر بۆ شیعر نەدۆزراوەتەوە مەگەر لای ئەوانەی لە هەمو خاسیەتێکی ڕوتی ئەکەنەوە .

خانا ئەڵێ :

**مەعلومەن هەر کەس بە هەر زوبانێ ،**
**بواچۆ نەظمێ جە هەر مەکانێ ،**

**وێنەی عوروسان زیبای موشك چین ،**
**بکەرۆش جە حوسن عیبارەت شیرین ،**

**خاریج جه مەعنی نەبۆ مەضمونش ،**
**کریابۆ چون شیعر ( جامی ) مەوزونش ،**

**جه لای خیرەدمەند دڵ پەسەند مبۆ ..**
**شیرینتەر جه شەهد شیرەی قەند مبۆ ..**

لە ڕوی لێکۆڵینەوەی مێژوی ئەدەبی کوردیشەوە بابەتێك لەم شێرین و خوسرەوەدا سەرنجی منی ڕاکێشاوە ، ئەوەش ناهاوجوتی شیعری لاواندنەوەیە . هەندێ لەو شیعرانەی خانا بە زمانی شێرینەوە خوسرەویان پێ ئەلاوێنێتەوە (ل ـ ٧٠٧) هاوجوت نین. بۆ ؟ نازانم ! بەڵام بێگومانم لەوە کە ئەو جۆرە وشانەی لەم لاواندنەوەیەدا بەکارهێنراون لەوانە نین ئەوەندە کەم بەکاربهێنرێن هاوتایان بەئاسانی بۆ پەیدا نەکرێ . بڵێی ئەوە نیشانەی یەکێك لە خاسیەتەکانی شیعری کۆنی لاواندنەوە و شین و کوتەڵ بوبێ ؟ ئەمە بابەتێکە من ناتوانم بڕیاری تیا بدەم . بە ڕای من پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زیاترە . ئەوەش بەندە بە دەس‌خستنی تێکستی کۆمەڵێك شیعری جۆرجۆری لاواندنەوە بە کوتەڵەوە کە پتر لە ناوچەکانی ڕوژهەڵاتی باشوری کوردستانا باوە .

★ ★ ★

لە شێرین و خوسرەوی خانادا نیشانەی دەنگ دانەوەی بیر و کرداری شوڕشگێڕی گەلانی دراوسێ لە کوردستانا دیاری ئەدا . ( عماد الدین نسیمی ) شاعیر و ئازادبیرێکی ئازەربایجانی بوە لە ساڵی ٧٧١ی کوچی « ١٣٦٩ ـ ١٣٧٠ی . ز »دا لەدایك‌بوە و لە ساڵی ٨٢٠ « ١٤١٧ ـ ١٤١٨ »دا کونەپەرستان لە حەڵەب پێستیان گروەوە . خانا لە شیعرێکی شێرین و خوسرەوەکەیدا ناوی نەسیمی ئەهێنێ و وەك کەسێك کە لە بیر و باوەڕی خوی پاشگەز نەبێتەوە ـ یادی ئەکاتەوە . بە زمانی مریەمی ژنی خوسرەوەوە کە وێستویەتی وەفا و خوشەوێستیی خوی بو خوسرەوی مێردی دەربڕێ ، ئەڵێ :

**ئەر چون نەسیمی مکەنان پوسم**
**هەرتا زیندەنان هەر تونی دوسم**

ئەمە لەبارەی زانینی ڕادەی بڵاو بونەوەی دەنگ و باسی بیری ئازادی خوازی و شوڕشگێڕییەوە لە کوردستانا شتێکی بە بایەخە . پیاوێکی وەك نەسیمی لە حەڵەبدا بە فیتی کونەپەرستان بگرون و خانا لە کوێرە دێیەکی

کوردستانا دەنگ و باسی بزانێ و ناوی بخاتە ناو شیعریەوە ، نیشانەی ئەوەیە کوردستانیش لە کار تێ‌کردنی بیری شۆڕشگێڕێ بێ‌بەش نەبوە و لەتاریکایێ سەدەکانی ناوەڕاستا تیشکی بیری ئازادی گەیشتوەتێ .

★ ★ ★

لە لایەکی‌تری شیرین و خوسرەودا دەرئەکەوێ کەوا لە سەردەمی خانادا سەبێل کێشان گەیشتبوە کوردستان و کورد شارەزای تۆتن بوە . خانا سۆزی دڵی شیرین لە دوریێ خوسرەو ئەشوبهێنێ بە دوکەڵی توتنی توند و ئەڵێ :

**جە دمای یەك ساڵ طوغیان کەرد دەردش**
**سەودا چون دوی توند تەماکو بەردش**

ئەوەی تائیستا زانراوە ئەوەتە لە دەوروبەری ١٦٥٠ی زایینیدا ، واتە ١٠٠ ساڵێك بەر لە نوسینی خوسرەو و شیرینی خانا تۆتن گەیشتوەتە ئێران . مقو مقوی حەڵاڵێ و حەرامیێ دوکەڵ کردنیش لەناو مەلاکانا و ئاخۆ ڕۆژوی پێ ئەشکێ یا نە ، ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم سەردەمە . هەرچۆن بێ وابزانم ئەمە یەکەمین بەڵگەیە مێژویەك بۆ پەیدا بونی تۆتن لە کوردستانا دیاریێ بکا .

★ ★ ★

مەسەلەیەکی گرنگ کە لە خوێندنەوەی تێکستی شیرین و خوسرەوەوە ئەتوانین بێگەینێ ئەوەتە شیرین خوسرەوی بە دڵ خۆش ویستوە هەرچەند نەشگەیشتوەتە ڕادەیەك خۆشەویستییەکەی بەسەر عەقڵیا زاڵ ببێ . بەڵام خوسرەو تەنها شوێن ئارەزو بازیێ خۆی کەوتوە و شیرینی بۆ ئەم مەبەستە ویستوە . لە لایەکی‌کەشەوە فەرهاد دڵداریکی ڕاستەقینەی شیرین بوە ، کەچی شیرین لەوەندە زیاتر نەبوە کە بەزەیێ پیا هاتوەتەوە و تەنانەت وەك برای خۆیشی تەماشای کردوە .

ئێمە ئەگەر سەرنجی ئەوە بدەین کە کچە شازادەیەکی وەك شیرین جارێك دەستی لە کەس و کاری خۆی هەڵگرتوە و ناشارەزا ڕێی گرتوەتەبەر لە ئەرمەنستانەوە تا مەدائین هاتوە و ساڵەها لە قەسری شیرین بە تەمای دڵ کوێرەوەریێ کێشاوە و جارێکی‌کەش دەس‌بەرداری تەخت و تاجی خۆی بوە و هاتوەتەوە بۆ مەدائین و ئەمجاریش چەند ساڵی ڕەبەق بە تەمای خوسرەو ژیانی تاڵ و سوێری لە کۆشکێکی دوور لە دەرباری شاهانەی خوسرەودا بردوەتە سەر و لەپێناوی خۆشەویستیدا ئەم هەمو جەور و جەفایەی کێشاوە و هەر ئەوەندە بوە بیری خۆی نەدوڕاندوە و خۆی نەداوە

بە دەستەوە و ، لە لایەکی‌کەشەوە سەرنجی ئەوە بدەین کە خوسرەو کە چەند ئارەزۆی گەیشتنی بە خوسرەو لە دڵا بوە ـ لەبەر سۆدی تایبەتیی خۆی گوێی بە خۆشەویستیی شیرین نەداوە و مریەمی کچی قەیسەری ڕۆمی هێناوە و پاشانیش گوایە لەبەر سۆدی ئەوەی کە خۆی ناوی ئەنێ تاج و تەخت نەهاتوە شیرین مارە بکا تا مریەم مردوە و لەوە زیاتر پاشانیش چوە ئافرەتێکی دەلاّلی ئەسفەهانیی هێناوە کە دەیان کەنیزەکی لە ماڵی خۆیا ڕاگرتوە بۆ پێ ڕابواردنی گەورە گەوران و نەیکردوە لەجیاتیی ئەو شازادەیەکی جوان و گیرۆدەی دەردی خۆشەویستیی ئەو خۆیی وەك شیرین مارە بکا و هەر تەقەلای فرێودان و هەڵخەڵەتاندنی بوە بۆئەوەی بە خۆڕایی خۆی بدا بە دەستەوە ، تا لەئەنجاما خۆ ڕاگرتنی شیرین و سەر شۆڕ نەکردنی ناچاری کردوە قایل ببێ بە مارە بڕینی ، ئەگەر ئەمە هەمو لێك‌بدەینەوە بۆمان دەرئەکەوێ ئەوەی پێی‌ئەڵێن خۆشەویستیی شیرین و خوسرەو هەر لەلایەن شیرینی ئافرەتی بەوەفاوە بوە کە پاشانیش هەر لەپێناوی ئەو وەفایەدا خۆی کوشت و ، خوسرەو لە کابرایەکی ئارەزۆ پەرستی ڕۆت و بەرەڵلا بەولاوە نەبوە .

کە سەرنجی ڕازی فەرهاد و شیرینیش ئەدەین و ئەبینین فەرهادی دڵدار کە بە یەکەم دیتن گرفتاری تیری خۆشەویستیی شیرین بوە ، چۆن لەپێناوی ئەم خۆشەویستییەیدا لە ڕۆی شایەکی گەورە و بەدەسەلاتی وەك خوسرەودا سەری هەڵبڕێ و چۆن بە هێزی دڵداریێ ئەو تونێلە مەزنەی تاق وەسانی کون کرد و ئەو هەمو نەخش و نیگارە مێژۆیی و نەمرەی لەو تاشە بەردانە هەڵکەند و چۆن پاشانیش کە هەواڵی درۆ و بە پیلان ساز کراوی مەرگی شیرینی بیست لەداخانا گیانی دەرچو ، کەچی شیرین لە هەستی بەزەیی هاتنەوەیەك بەولاوە بەرابەر بە فەرهاد هیچ لە دڵیا نەبو ، تەنانەت بە برای خۆیشی دایە قەڵەم ( ل ـ ٥٥٧ ) ـ بۆمان دەرئەکەوێ لەم سەریشەوە خۆشەویستی هەر لە یەك لاوە بوە کە فەرهادە و شیرین خۆشەویستیی فەرهادی لە دڵا نەبوە و جیاوازییەکی زۆر لەنێوان خۆشەویستی و ڕێز لێ گرتن و بەزەیی پیا هاتنەوەدا هەیە .

★ ★ ★

بابەتێکی‌تر کە لە خوێندنەوەی ئەم ڕازەوە خۆی دائەسەپێنێ مەسەلەی دیاری کردنی نەتەوەی شیرینە . شیرین بە درێژایی تێکستەکە و لە فۆلکلۆری میللی‌یشدا هەر بە ( شیرینی ئەرمەن ) ناوبانگی دەرکردوە . لە سەرێکی‌کەشەوە ناوی شیرین ناوێکی کوردییە و لەناو ئەرمەندا باو نیە .

ڕەوشتی شیرینیش دەق لـە ڕەوشتی کچە کورد ئەچێ . ئـەو ناوچەیەش کە شیرینی تیا ژیاوە ئەگـەر کوردستانیش نەبێ دراوسـێی کوردستان و ناوچەیەکی فرە نەتەوەیە . چ ( گەنجە ) وچ ( بەردەع ) و چ ( موغان ) کە هەمۆ ئیستا ئەکەونە بەر ئازەربایجانی ئێران و سۆڤیەت لەو ناوچانە نێن کوردیان تیا نیە . خۆ ( مەهستان )یش کە یەکێکی‌کەیە لەو شوێنانەی شیرینیان تیا ژیاوە ، دەق بەشێکی کوردستانە . لە سەرچاوەکانی پێش و پاش ئیسلامدا تا چـەند سەدەیـەکیش وشەی ( کوردسـتان ) بەرچـاو نـاکەوێ . کتێبە مێژۆییەکانی ئیسـلام کوردستانی باکوریان خستوەتە چـوار چێوەی وڵاتی ( ئەرمێنیا )وە . کوردستانی‌باشور و ڕۆژهەڵاتیش یا ( کوهسـتـان )ە کە بـە عەرەبێ کراوە بـە ( قهستان ) و ( بـلاد الجبل ) یا ( مەهسـتـان )ە کە دیارە ناوچەی دەشت ئەگرێتەوە . من بە متمانەوە ناتوانم بێڵێم ، بەڵام وام بە خەیاڵا دێ شیرین هیچ نـەبێ دایکی کورد بوە . بـۆیەش ئەڵێم هەر دایکی چونکـە پۆری واتە خوشکی باوکی کە ناوی لە شیرین و خوسرەوەکەدا زیاتر بە (مەهێن بانۆ ) دێ و ئەم ناوەش بـۆ کوردێ دەس ئەدا ، خانا خـۆی ئەڵێ بە زمانی ئەرمەنێ ناوی ( شەمیرا ) بوە . ئەمـە تەنها بـۆ چۆن و ڕێ تێ چۆنێکە من دەری‌ئەبڕم و ئەشزانم بـەڵگە هێنانەوەکانم لـە چوار چێوەی ڕێ و شوێنی زانستیدا نێن . بەڵام هەر چۆن بێ ڕێی خۆم نەدا ئەوەی لەم ڕوەوە بە بیرما هاتوە نەیخەمە سەر کاغەز .

★ ★ ★

لە دوا ــ دوایێ ئـەم سەرەتـایەدا ئەمـەوێ ڕۆی دەمـم بکەمە ئەو کوردانەی بەڵگەی دسـنۆسی کۆنیان لایـە و ، دەستەو داوێنیان بم کەوا بیرێ بکەنەوە.. کاتی ئەوە هاتوە سۆدی نەتەوەکەیان و ژیاندنەوەی کەلەپۆری دێرینی بخەنە پێش شێوەی تەسـکی بیر کردنـەوەی خۆیان‌و چیبیان لایـە بێخەنە ژێر دەسـەڵاتی دەسـگا زانستییـەکان بۆئەوەی مەیدانی کەڵك لێ وەرگرتنیان فەراهەم بێ و ئیتر بەس پاشماوەی دیرێنمان مۆرانە بێخوا و تۆزی لێ بنیشێ و لە سـۆچی تاق و کلاو ڕۆژنە و سـندۆقە شکاوی کۆنـا بفەوتێ .

**محمدی مەلا کریم**

# کورتەی ژازی شیرین و خوسرەو

خانا لە سەرەتادا بەشێکی کتێبەکەی تەرخان کردوە بۆ باسی لەدایك‌بونی خوسرەوی پەروێز و بۆمان ئەگێڕێتەوە کەوا چۆن پەروێز پاش کۆچی دوایی ئەنەوشیرەوانی باوکی بۆ بە شاو و شایەتییەکی بە شان و شکۆی دەست دایە و لە کوڕێ زیاتر کە ببێ بە جێنشینی هیچی ناتەواو نەبو . خوا ئەو کوڕەشی دایە و ناویان نا خوسرەو و ئەستێرە شناسان تەماشای ئەستێرەیان بۆ کرد و خوێندیانەوە کەوا بەختی یار ئەبێ و شایەکی خاوەن پایە و جێگەی بەرزی لێ دەرئەچێ .

پاش باسی پەروەردە کردن و گەورە بونی خوسرو و سپاردنی بە ( بوزورگ ئومێد )ی زانا و خاوەن بیر و ڕا بۆ پێ‌خوێندن و لە کاروباری حوکمڕانی فێر کردنی ، خانا دێتە سەر ئەوە کە جارێکیان خوسرەو لەگەڵ هەندێ لە دەست و پێوەندەکانیا ئەچێ بۆ ڕاو و لەوێ ڕێیان ئەکەوێتە دێیەکی خۆش . شەو لەوێ ئەمێننەوە تا بەیانی بە بەزم و ئاهەنگ و ڕابواردن بەسەر ئەبەن . لەوکاتەدا یەکێ لە نۆکەرەکانی ئەچێتە ناو باخی کابرایەکەوە هەندێ بەرسێلە لە مێوێك ئەکاتەوە . سبەینێ کە ئەگەڕێنەوە یەکێکی‌کە لە دەست و پێوەندەکانی ئەم هەواڵە بۆ پەروێزی باوکی ئەگێڕێتەوە و پەروێزیش زۆر لێی دلگیر ئەبێ و فەرمان ئەدا هەردو پێی ئەسپەکەی ئەبڕنەوە و زێن و لەغاوەکەی ئەدەن بە کابرای باخەوان و نێنۆکی نۆکەرەکەشی دەرئەهێنن و ، خۆشی لۆمە و سەرزەنشتێکی زۆری خوسرەو خۆی ئەکا . خوسرەویش دەست ئەکا بە گریان و زارییەکی بەسۆز و داوای خۆش بون ئەکا لە باوکیو گەورە گەورانی دەربار بۆی تێ‌ئەکەون و ئەبن بە تکاکار لای باوکی تا لێی ئەبورێ و ئەشی کا بە جێنشینی خۆی .

شەوێکیان ئەنەوشیرەوانی باپیری دێتە خەوی بەرابەر بەو سەرزەنشت و پێی ئەسپ بڕینەوەی کە وەختی خۆی پەروێزی باوکی لەگەڵی

کردبـو دڵخۆشـیی ئەداتەوە و مـژدەی ئـەداتێ کـەوا خوا لەجـیاتیی سەرزەنشتەکەی باوکی کچێکی جوانی دێنێتە ڕێ ئەبێ بە هاوڕێی و لەجیاتیی ئەسپە دەست و پێ بڕاوەکەی ئەسپێکی باشتری بۆ ئەنێرێ و مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژی لێهاتویشی پێ ئەبەخشێ .

خوسرەو کـە خەبەری ئەبێتەوە لەم خـەوەی زۆر شادمان ئەبێ . لە بارەگای خوسرەودا وێنەکێشێکی هەڵکەوتو ئەبێ ناوی شاپۆر ئەبێ ، ڕۆژێ لە ڕۆژان وادیارە باسی ژنهێنان بۆ خوسرەو ئەکەن ، بۆی ئەگێڕێتەوە کەوا لە ناوچەی ( مەهسـتان ) لای دەریاچەی دەربەند « کـە دەریاچەی خەزەرە » شاژنێك هەیە ناوی بە ئەرمەنێ ( شـەمیرا )یە کە بە زمانی خۆمان واتە (مەهێن بانۆ ) شان و شکۆیەکی زۆری هەیـە و بێ مێرد بەسەر ئـەبا ، برازایەکی میراتبەریەتی کە ئەویش کچێکی شۆخە ناوی ( شیرین )ە و ، زۆر بە باڵای شیرینا هەڵئەدا تا خوسرەو بەتەواوەتێ گیرۆدە و فریفتەی ئەبێ و لە نەدیتۆ دڵی لێ ئەچێ .

خوسرەو شاپۆر ئەنێرێ بـۆ وڵاتی مەهستان تا هـەواڵی شیرینی بۆ بێنێ و بزانێ چۆنی بخوازێ . شاپۆریش ڕێگایەکی دوور ئەبڕێ تا ئەگاتە ئەو ناوچەیـە و بە پرسـان پرسـان شـوێنی سـەیـران و ڕابـواردنی شیرین ئەدۆزێتەوە ، وێنەیـەکی خوسرەو ئەکێشـێ و لەسەر ڕێـگای شیرینا بە دارێکا هەڵیئەواسێ . شیرینیش کە بە عادەتەکەی خـۆی ئەچێ بۆ ڕاو و ڕابواردن لـە جێـگای حەسانـەوەی خۆیەوە ئەبێـنێ وێنەیەك بـە دارێکا هەڵواسراوە ئەنێرێ ئەیهێنن بۆی . هەر بە دیتـنی دڵی لێ ئەچێ و وەزعی ئەگۆڕێ . کەنیزەك و خوڵامەکانی ترسی ئەوەیان لێ ئەنیشێ ئەو کارە کاری دێو و جنۆکە بێ . لەبەرئەوە وێنەکە ئەدڕن و یاتاخ ئەپێچنەوە ئەڕۆن .

شاپۆر کە بەمە ئەزانێ جارێکیتر وێنەی خوسرەو ئەکێشێتەوە و لـە نزیکی نشێنگەی تازەی شیرینەوە هەڵیئەواسێتەوە . شیرین ئەم وێنەکەش ئەبێنێ ، لە جوانیی سەرسام ئەبێ . دەست و پێوەندەکانی دیسان وێنەکەی لێ دوور ئەخەنەوە و لەو شوێنەش بار ئەکەن . شاپـور دەس بەردار نابێ . بۆ سبەینێ جارێـکیکەش وێنەی خوسرەو ئەکێشێ و ئەیـکاتەوە بە دارا . شیرین ئەیبێنێ و زۆر بۆی پەرێشان ئەبێ و وەخت ئەبێ لە هۆشی خـۆی بچێ . کەنیـزەکەکانی دەور و پشتی ئەترسن مەسەلەکە ئاخـرێ خراپی لێ بوەشێتەوە ، بڕیار ئەدەن بکەونە پەیجۆر بەڵکو لەبارەی ئەو وێنەوە شتێك بزانن ، بەڵام هیچ ئەنجامێکیان دەسگیر نابێ . بۆ لە بیر بردنەوەی مەسەلەکە دەست ئەکەنـەوە بە بـەزمو ئاهەنگ . بـەڵام شیرین لەگـەڵ بەزمی مەی

خواردنەوەشدا هەر بە تەماشای وێنەکــەوە خەریك ئەبێ . شــاپوور کە لە شوێنێکا خۆی شــاردبووەوە ، تێ‌ئەگا شــیرین لە چ‌حاڵێــکدایە ، خۆی بە کەنیزەکەکانی شیرین ئەناسێنێ ، باسی وێنە و خاوەن وێنەکەیان بۆ ئەکا . یەکێکیان قسەکانی شاپوور بۆ شیرین ئەگێڕێتەوە . شیرین هەڵئەستێ ئەچێ بۆ لای شاپوور و لێی ئەپاڕێتەوە هەموو شتێکی بۆ ڕوون بکاتەوە . ئەویش زۆری بە شان و باڵی خوسرەودا بۆ دێ و تێی‌ئەگەیەنێ کەوا خوسرەو ناردوویە بــۆ ئەوێ هەواڵی شیرینی بۆ بزانێ .

شیرین زیاتر خوسرەوی ئەچێ بە دڵا . ئەکەوێتە بیر کردنەوە لــەوە چۆن پێی بگا . ڕوخسەت لە پووری ئەخوازێ ، سواری شەودێز ببێ بچێ بۆ ڕاو . لەگەڵ کۆمەڵێ کەنیزەکی خۆیا سوار ئەبن و ئەڕۆن . کە لە ئاوەدانێ دوور ئەکەونەوە ، ئەو تێی‌ئەتەقێنێ ئەڕوا و هاوڕێکانی بەجێ‌دێڵێ . ئەمانیش هەرچەند بەدوایا ئەڕۆن بەڵکو بیگرنەوە سوودی نابێ . ناچار بە دەم شین و زارییەوە دێنەوە بۆ مــاڵ و مەسەلەکە بۆ مەهین بانــوی پووری ئەگێڕنەوە . مەهین بانو ئەڵێ هەر ئەمزانێ ئەمەم دێتە ڕێ چونکە خەوم دیبو .

مەهین بانوی پووری زۆر دڵگیر ئەبێ و دەست ئەکا بە زاری و شین . بەڵام چــیی لە دەسەڵاتدا نــابێ . لەولاشەوە شیرین کــە ئەڕوا لە ڕێگەدا لە سەرچاوەیەك لا ئەدا خــۆی ئەشوا . لەوسەریشەوە خوســرەو هەمیشە چاوەڕوانی گەڕانەوەی شاپوور و هەواڵ هێنانی شیرین ئەبێ . لەو دەمەدا بە فیتنەی ئاژاوەگێڕ و پیاو خراپان ناکۆکییەك ئەکەوێتە نێــوان ئەو و باوکی . باوکی بڕیاری گرتنی ئەدا . بوزورگ ئومێدی مامۆستای ئامۆژگاریێ ئەکا کە بۆ ماوەیەك خــۆی ون بکا . ئەویش بڕیار ئەدا بچــێ بۆ ئەرمەنستانی وڵاتی شیرین . بەڵام پێشــــان پیاوەکانی ڕائەسپێرێ ئەگــەر کچێکیوا و وا هات حورمەتی بگرن و جێــگایەکی خۆشی بۆ ئامادە بکەن و کۆشــکێکی جوانی لە شوێنێکی باشا بۆ بکەنەوە و چیی ئەوێ بۆی بکەن تا ئەم خــۆی دێتەوە . پاشان ئەکەوێــتە ڕێ و ئەڕوا . کە ئەگاتــە سەرچاوەکە کە شیــرین لەوێ خەریکی خۆ شتن ئەبێ ئەیبینێ ، زۆر سەرسام ئەبێ لە جوانییەکەی . لــە شوێنێکی کلاوە دەست ئەکا بە سەیر کردنی . کە شیرین پێی‌ئەزانێ گورج لە ئاوەکە دێتە دەرەوە جلەکانی لەبەر ئەکا و ســوار ئەبێ ئەڕوا . کەسیان دڵنیا نابن لە یەکتر . بەڵام هەرکامیان بە دڵیانا دێ کە ئەمە ئەو کەسەیە ئەو بەدوایا ئەگەڕێ . خوسرەو پاش ڕۆیشتنی شیرین زۆر خەفەت ئەخوا کــە چۆن نەچوو بە لایــەوە و قسەی لەگەڵ نەکرد و خــۆی پێ نەناساند . بەڵام پەشیمانی بێ‌سوودە . لەملاوە شیرین ئەگاتە مەدائین و لەولاشەوە خوسرەو ،

ئەگاتە ئەرمەنستان . پیاوەکانی خوسرەو شیرین ئەناسنەوە و بەوجۆرە کە ئەو ڕای‌سپاردبو ئەچن بە دەمیەوە و خزمەتی ئەکەن و ئەویش بە چاوەڕوانیی خوسرەوەوە دائەنیشێ .

لەم سەربشەوە کە خوسرەو ئەگاتە ( بەردەع ) کە گەرمەسێری مەهێن بانۆی پۆری شیرین بوە پێشوازیەکی گەرمی لێ ئەکەن و تا خوسرەو لەوێ ئەبێ لە خزمەت کردنیا کەمتەرخەمی نانوێنن .

شیرین لەپاش چاوەڕوانییەکی زۆر لە مەدائین بێ‌تاقەت ئەبێ و داوا ئەکا بیگوێزنەوە بۆ شوێنێکی‌کە . بەڵام دەست و پێوەندی خوسرەو لەجیاتیی ئەوەی لەسەر ڕاسپێریی خوسرەو شوێنێکی خۆشی بۆ هەڵبژێرن خانۆی بۆ تیا بکەنەوە ، لەو شوێنەی ئیستا پێی‌ئەڵێن ( قەسری شیرین ) خانۆی بۆ ئەکەنەوە . شوێنەکە بە دڵی شیرین گەرم و ناخۆش ئەبێ ، بەڵام ئەڵێ چش . بە چاوەڕوانیی خوسرەوەوە لەوێ دائەنیشێ و کات بەسەر ئەبا .

لەولاشەوە شەوێکیان خوسرەو لە میوانخانەکەی خۆیدا ئەبێ لەگەڵ دەست و پێوەندەکانیا بە ئاهەنگ و ڕابواردنەوە خەریك ئەبێ . شاپۆر ڕازی دیتنی خۆی و شیرینی بۆ ئەگێڕێتەوە و تێی‌ئەگەیەنێ کە ئیستا لەوانەیە شیرین لە مەدائین بێ . خوسرەو بەوە زۆر شادمان ئەبێ و بڕیار ئەدا شاپۆر بنێرێتەوە بۆ مەدائین بەدوای شیریندا و ئەمەش بە مەهێن بانۆ ڕائەگەیەنێ . شاپۆر بە سواریی ( گوڵگون ) ئەڕواتەوە بۆ مەدائین و پاش مانگێ ئەگاتە بەرەوە ، ئەچێتە کۆشکەکەی شیرین ، ئەبینێ لە چحاڵێکی ناخۆشدایە ، زۆر بۆی خەفەتبار ئەبێ . شیرینیش سەرگوزەشتەی خۆی بۆ ئەگێڕێتەوە ، پاشان هەردوکیان پێکەوە بەرەو ئەرمەنستان ئەگەڕێنەوە .

لەم سەردەمەدا پەرویزی باوکی خوسرەو ئەمرێ و هەواڵ ئەگا بە خوسرەوی کوڕی . خوسرەو دێتەوە بۆ مەدائین . کە ئەگاتە جێ ئەزانێ شیرین لەگەڵ شاپۆردا گەڕاوەتەوە بۆ ئەرمەنستان ، زۆری پێ ستەم ئەبێ . شیرینیش لەگەڵ شاپۆر ئەگەنەوە ئەرمەنستان و پێشوازیەکی گەرم لە شیرین ئەکرێ . شیرین و پۆری بە دیداری یەك شاد ئەبنەوە .

کە خوسرەو لەسەر تەختی شایی دائەنیشێ زۆری پێ ناچێ ( بارام چۆبین ) کە یەکێ ئەبێ لە سەرکردەکانی لەشکر لێی یاخی ئەبێ و پیلانێکی بۆ ڕێك‌ئەخا بیگرێ و بۆ ئەم مەبەستە دەست لەگەڵ هەندێ لە سەرکردەکانی سوپادا تێکەڵ ئەکا . خوسرەو کە ئەزانێ لانی زەبون بوەو کەسی بە دەورا نەماوە لە تەنگانەدا فریای کەوێ ، هەر ئەوەندەی پێ ئەکرێ خۆی دەرباز

**خوشك** : وشك .
**خوشکین** : وشك بوەوە .
**خۆشگۆ** : دەنگ خۆش .
**خۆشگەوار** : ئەو خوراوەیەی بەئاسانی قوت بچی .
**خۆش لەفظ** : قسە خۆش .
**خوشنودی** : دلشادی .
**خۆش نوێس** : خۆش نوس .
**خۆشە** : هێشو .
**خوصومەت** ( ع ) : دوژمنایەتی .
**خومار** : سەرئێشەی پاش خواردنەوە .
**خوندکار** : پادشا . لە (خاوەندکار) یا لە (خوێنکار) وەرگیراوە ، چونکە پادشا هەم خاوەن کاریشە و هەم خوێن کاریشە واتە جەنگ ئەکا و خوێن ئەڕێژی .
**خۆنڕێز** : خوێنڕێژ .
**خۆنی** : سور وەك خوێن .
**خەتا** : یەکێکە لە شارەکانی چین ، بە موشکی بۆنخۆش بەناوبانگ .
**خەجستە** : پیرۆز .
**خەجل** : خەجالەت ، شەرمەزار .

لە عەرەبییەوە هاتوە .
**خەدەمە** ( ع ) : کارەکەر و نۆکەر .
**خەدەنگ** : تیر .
**خەر** : کەر .
**خەراما** : بەناز بەڕێوەچو .
**خەرامان** : بەڕێوە ڕۆیشتن بە ناز و لەنجە و لارەوە .
**خەرچەنگ** : قرژانگ ، بورجی سەرەطان .
**خەرقەی تەجرید** ( ع ) : بەرگی کۆنەی نیشانەی دەست لە دنیا شتن .
**خەرکاو** : خەرتێك .
**خەرگا** : دێوەخان .
**خەر مەغز** : کەللە کەر .
**خەرمەن** : خەرمان .
**خەریطە** ( ع ) : تورەکەیەکە لە پێست یا لە چەرم دروست ئەکری .
**خەس** : گیایەکی بۆن خۆشە .
**خەستە** : ماندو .
**خەسیس** ( ع ) : پیاوی سوك و دونی .
**خەشمگین** : ڕقاوی .
**خەصم** ( ع ) : ناحەز ، بەربەرەکانیکەر .
**خەط** : ناوچە . ( لە عەرەبییەوە هاتوە ) .
**خەفتان** : کراسێکە لە ئاورێشم دروست ئەکرا و بۆ جەنگ لە بەریان ئەکرد .
**خەفیف** ( ع ) : سوك .

**خەلعەت خوسرەوی** : خـــەلاتی خوسرەوانە .
**خەلوەت** : ژووری تایبەتی .
**خەلوەتی** : تەنهایی . لە عەرەبییەوە هاتوە .
**خەلەل** : ( ع ) : کەم و کورتی .
**خەم** : چەماوە .
**خەم بی** : چەمییەوە .
**خەمسە** : ئـەو پێنـج داستانەی نیظامی بە شـیعر دایناون : مخزن الاسرار ، خوسرەو و شیرین ، لەیلا و مەجنوون ، هەفت پەیکەر ، ئەسـکەندەر نامە .
**خەمین** : خەمگین .
**خەندان** : ئەوەی پێبکەنی .
**خەندان بی** : کەوتە زەردەخەنە .
**خەیلی** : زۆر .
**خەیمە** ( ع ) : خێوەت ، دەوار .
**خیاتە** : خەیاتە ، تالی ئاوریشم .
**خیر البشر** : چاترینی ئادەمیزاد ، مەبـــەسـت پێغەمبـــەری ئیسلامە .
**خیر المرسلین** : چاترینی پێغەمبەرە نێـــرراوەکان . مەبـــەست پێغەمبەری ئیسلامە .
**خیرام** : ناز و جوانی .
**خیرەدمەند** : عاقل .
**خێزا** : هەستا .
**خێزناشان** : هەلیانبری ، بەرزیان کردەوە .
**خیشم** : ڕق .
**خیشم ئالود** : بە ڕقەوە ، ڕقاوی .

**خیطمی** : گیایەکی لاسك ئەستوور و بەرز و گەلا پانە ، گولەکەی یا سپی یا سوورە .

( د )

**دا** : ئادەی . لیدا .
**دابێش** : دابوی .
**داد** : دان .
**دادە** : دراو .
**دادەن** : داویە .
**دا دیار** : دەرکەوت .
**دارا** : داریـوشی دوا پادشـــای بنەمالـــەی هەخامەنشی لـــە ئێران . خاوەن دارایی .
**دارات** : شان و شکۆ .
**دارا ڕیکاب** : ئەوەی دارا لە ڕکێفیا ئـــەڕوا ، واتــە ئـــەوەندە گەورەیە .
**دار الملك** ( ع ) : پایتەخت .
**داران** : هەیانە .
**دار پاچ** : ئەوەی دار دائەپاچی وەك تەور و تەشوێ .
**دارچە** : دەسك . دەسرازە .
**دارو** : دەرمان . هەمە . خۆراك .
**دارۆ** : هەیەتی .
**داروغە بازاڕ** : کاربـــەدەســتێکی میـــری بـوە بـــە بـــازاڕا ســـوڕاوەتەوە هـــــــەر سەرخۆشێکی دیبی گرتـویە دارکاری کردوە .
**دار و گیـــر** : مەبەســـت لـــە فەرمانڕەواییە . لە دو کاری

(دار) واتــه : بتبێ و (گیر)
واته : بگره وەرگیراوه .
**دارێ** : هەته .
**داستان** : ڕازی درێژ .
**داش** : دای پێی .
**داشان** : دایان .
**داشان قەتره و دەو** : غاریان کرد .
**داشت** : بوی .
**داشتم** : بوم .
**دا گیرم** : گیری دام .
**داڵ پەڕ خەدەنگ** : داڵێ پەڕەکانی
وەك تیر بن .
**دام** : داو .
**دامیار** : ئەوەی که داو ئەنێتەوه .
**دان** : زان ، ئەوەی شتێ بـزانێ .
داویه .
**داناپەسەند** : ئەوەی پیاوی فامیده
پەسەندی بکا .
**دانش** : زانـست . دانی ، ئەو دانەی
ئەکرێته بەری .
**دانش ئەفزۆن** : عەقڵ زۆر .
**دانشمەندێ** : عاقڵێ .
**دانشوەر** : خاوەن فام .
**دانشوەرێ** : عاقڵێ .
**دانه** : ئالیك .
**دانه بەند** : بـەرگێ کـه بـەردی
گرانبەهای پیا کرابێ .
**داوا** : هــەرا . لــه ( دعــوی )ی
عەرەبییەوه هاتوه .
**داواکەرۆ** : داوا بکا .
**داوان** : پەله .
**داوەر** : خاوەن داد . حوکمڕان .
زۆر جــاریش مەبــەست
خوایه .
**داوەرێ** : مەحکەمه کردن .
**دایان** : دایەن ، ئــەو ئافرەتــەی
منالی بێ ئەسپێرن بۆ بەخێو
کردن و شێر پێ دانی .
**دایم الاوقات** ( ع ) : هەمێشـه .
**دایم المدام** ( ع ) : هەمێشه .
**دراز دەستێ** : دەس‌درێژێ .
**دڕدەوه** : دڕیەوه ، کردەوه .
**دروست** : ڕاست .
**دروشت** : زل .
**درەخشا** : درەوشایەوه .
**درەنگێ** : ماوەیەکی زۆر . تاوێ .
**دریا** : درا .
**دریغ** : مەخابن .
**دڵ ئازار** : دڵ ئێشاو .
**دلارا** : کەســێ یا شــتێ مایــەی
خۆشێی دڵ بێ .
**دلارای شەودیز** : یەکێکه له سێ
ئاوازەکەی باربود .
**دلاوەرێ** : قارەمانەتێ .
**دلبەن** : دڵبەنـد ، ئــەوەی دڵی
پێوه بەستراوه .
**دڵ خواه** : ئارەزوی دڵ .
**دڵ ڕوبا** : دڵ فڕێن .
**دلگیــر** : خەفــەتبار . ئــەوەی
ئەوەنده جوان و باش بێ دڵ
بێگرێ .
**دڵ واز** : دڵ خواز .
**دڵ وەش** : دڵخۆش .
**دلێ** : نــاو .
**دما** : پاش .
**دمای** : دوای .

**دمك** : دملەك .
**دۆ** : دۆكەل .
**دۆ** : بدا .
**دوان** : گفتوگۆ كردن .
**دۆ بالا** : دۆ قات .
**دوچار** : تۆش .
**دۆ چەندان** : دۆ قات .
**دۆدێ** : دۆكەلاوێ .
**دۆدێ هەناسە** : هەناسەی وەك دۆكەل .
**دۆر** : دەور ، خول .
**دوڕاج** ( ع ) : پۆڕ .
**دۆر باش** : دۆر كەوەرەوە . دۆر بێ لێی .
**دورج** ( ع ) : سندوق .
**دورد** : خەستی بنی شێشەی شەراب .
**دوڕڕیوەن** : دوڕڕیكە .
**دوڕ سەنج** : دوڕ پێو ، یا دوڕ كێش . بە ئادەمزادی قسە جوان ئەوترێ گوایە قسەكانی خۆی ئەكێشێ و ئەپێوێ و ئەیاندا بە گوێی گوێگرا .
**دۆر موست** : دۆری ئەختەوە .
**دوڕ مەكنون** ( ع ) : دوڕی شاراوە لەناو سەدەفدا .
**دۆ ڕەنگ** : دۆ ڕۆ .
**دوزدێ** : دزێ . نهێنێ .
**دۆش** : سەرشان . كۆل .
**دوشمەن كامێ** : بە ئارەزۆ گەیشتنی دوشمن .
**دۆشێن** : هێ دوێ شەو .
**دوعاگۆ** : ئەوەی دوعای خێر بۆ خەلك ئەكات .
**دوم** : كلك .
**دۆن** : سۆك .
**دۆن هیممەتێ** : هێچ لێ نەهاتن .
**دەبیر** : میرزا ، نامەنۆس .
**دەخل** : بەر و بۆم .
**دەد** : دڕوندەی كێوێ .
**دەربەستە** : دەرگا داخراو .
**دەر پێش** : بدە پێی .
**دەر حال** : دەس‌بەجێ .
**دەرخوا** : داوا .
**دەرخواست** : داوا .
**دەردمەند** : دەردەدار .
**دەردەم** : دەس‌بەجێ .
**دەردێن** : دەرداوێ .
**دەرسات** : دەس‌بەجێ .
**دەرقوپیا** : قوپاوە یەك .
**دەركار** : پێویست .
**دەر گیلێ** : ئەم دەرگا و ئەو دەرگا كردن .
**دەرلاد** : دەس‌بەجێ .
**دەرمێ** : بدەین .
**دەرۆ** : ئەدا . بدا .
**دەرویش** : دەس بەتال . هەژار . گۆشە نشێن . گوێ بە دنیا نەدەر .
**دەرەم** : بمدە .
**دەریا دل** : ئەوەی دلی وەك دەریایە واتە گەورەیە .
**دەریافت كەرد** : وەری‌گرت ، تێ‌گەیشت .
**دەریا كەف** : ئەوەی بەری لەپی

ئەوەندەی دەریا پانە ، واتە دەهندەیە .
**دەریا کێش** : ئەوەی ڕەوشتی وەك دەریایە . مەبەست لە دڵ و دەروون فراوانییە .
**دەریم** : بدەین .
**دەزراچە** : دەسـرازە ، ئـەو قەیتانەی منالی پێ دائەپێچن لەناو بێشکەدا .
**دەستارچە** : دەسمالی بچوك .
**دەسـتان** : کـۆی ( دەست ) . داستان .
**دەست ئەفشار** : ئەوەی بە دەست گوشرابێ یا بگوشرێ .
**دەسـتماڵ** : دەسـتە سـڕ . سەرپۆش .
**دەست موزد** : کرێ دەس .
**دەستوور** : شێوە .
**دەسـتوورێ نەواسـت** : ئـیـزنی نەخواست .
**دەستە زڕانێ** : دەستە و ئەژنۆ .
**دەستە زەڕ** : مشتۆ زێڕین .
**دەستێ** : دەستەیەك ، چەپکێك .
**دەسکار** : کاری دەس .
**دەس‌کێش** : بـە دەس بـە کێش کراو .
**دەغدەغە** ( ع ) : مەترسێ .
**دەلالات** : دڵخۆشی دانەوە .
**دەم** : کات .
**دەم بنیە تێش** : دەمی تێ بنێ .
**دەم جەنگ** : شەڕە دەم ، مەبەست لە گلەیێ و بناشتە .
**دەم فەراق** : دەم گەورە و وڕاق .

**دەمێ** : تاوێ .
**دەو** : غار . پەلە .
**دەوات** : شێشـەی مـەرەکەب . جاران مەرەکەبیان ئەکردە ناو شێشەیـەك و پەڕۆیەکیشیان ئەخسـتە نـاو مەرەکەبـەکە پێیان‌ئـەوت ( لێقە ) . ئـەو پەڕۆیە بۆ ئەوەبو کە قەڵەمی قامێش یا ئۆچیان بکردایە بە شێشەکەدا مـەرەکەبی زۆری لەگەڵ خۆی هەڵنەگرتایە .
**دەوان دەو** : غـار کـردن بـە هەڵەداوان .
**دەو دۆ** : بە پەلە بڕوا .
**دەور** : زەمانە .
**دەوران** : دەور و بەر . زەمانە .
**دەور مدا** : : خولی ئەخوارد .
**دەوڵەت زیاد** : مالآوا .
**دەوڵەت سەرا** : خانوی دەوڵەتێ ، مەبەست لە مالە گەورەیە .
**دەهان** : دەم .
**دەهندە** : بەخشندە .
**دەیجوور** : تاریکێ .
**دەیجووربێز** : ئەوەندە ڕەش کـە شـەوی تارێك لـە بەرچاو بێزرێنێ .
**دەیر** : پەرستشگای گاوران .
**دەیرێ** : کەسـێ وەك ڕەبەن لـە دەیردا بژی . مەبەست لـە کەسـێکە وەك شـێتی لـێ هاتبێ و پەیوەندی بە دنیاوە نەمابێ .
**دەیهێم** : تاج .

**دەییار** ( ع ) : کەسێ بە ئاوەدانیدا بگەڕێ .
**دیـا** : ڕوانێ .
**دیار البشر** ( ع ) : مرۆی گەڕۆك .
**دیبا** : جۆرە قوماشێکی ئاوریشمی ڕەنگا و ڕەنگە .
**دیباچە** : سەرەتای کتێب .
**دیدە** : چاو .
**دێر** : درەنگ .
**دێر دێنێ** : درەنگ دێتن .
**دێرین** : کۆن .
**دێش** : دێ ی .
**دیشوار** : زەحمەت .
**دیگ** : مەنجەڵ .
**دین** : دێتن ، چاو .
**دیوانە** : شێت .
**دیوانەگی** : شێتی .
**دیویا** : تێکچو .
**دیهقان** : جوتیار ، لادێیی .
**دیهکەدە** : دێیەکی بچوك .
**دیهلێز** : دالان .

( ذ )

**ذائقة** ( ع ) : ئەوەی ئەچەژێ .
**ذا المنن** ( ع ) : خاوەن نیعمـەت و دەهندە .
**ذوالجلال** ( ع ) : خاوەن شکۆ .
**ذەبحش مکەردن** : سەریان ئەبڕێ.
**ذەڕڕە** : وردە تۆز .
**ذەڕڕێ** : ذەڕڕەیەك ، تۆسقالێك .
**ذەروە** ( ع ) : چڵە پۆپە .

( ژ )

**ژار** : زەهر .
**ژنیا** : لێدرا . داخرا .
**ژەرف** : قوڵ .
**ژەقنەمۆت** : ژار . لە (ذقنا الموت)ی عەرەبییەوە وەرگێراوە .
**ژەند** : لێیدا ـ بۆ مۆسیقا . دایخست ـ بۆ دەرگا .
**ژەندەن** : لێیاندا . دایانخست .

( ڕ )

**ڕا چەفت** : ڕێ چەوت .
**ڕاز** : قسە . سەرگوزەشتە .
**ڕازان** : قسە .
**ڕازنا** : ڕازاندیەوە .
**ڕازەن** : ڕێگر .
**ڕاســــیخ** ( ع ) : دامـــەزراو و جێگرتو .
**ڕاش** : پێناوی . ڕێگای .
**ڕاقیم** ( ع ) : نوسەر .
**ڕاگە** : ڕێگا .
**ڕام** : ئارام .
**ڕامتەن** : ملکەچ بوە بۆت .
**ڕا نەبەری** : ڕێگا نەبەیت .
**ڕاویار** : ڕێبوار .
**ڕاهان** : ڕێگەکان .
**ڕاهێ** : ڕایێ ، کەسێ کەوتبێتـە ڕێ .
**ڕاهیب** ( ع ) : قەشە .
**ڕای** : ڕێگای .
**ڕایات** ( ع ) : ئالاییەکان .
**ڕایەت** : ڕەعیەت . لە عەرەبییەوە هاتوە .

**ڕایەگانی** : خۆڕایی .
**رب العالمین** ( ع ) : خوای هەمــو جیهانێ .
**ڕژیا** : ڕژا .
**ڕستەن** : ڕواوە .
**ڕشتە** : داڕێژراو . هۆنراوە .
**ڕشتەن** : ڕشتوە ( بە کلە ) . ڕەنگ کردوە .
**ڕشتەی ئیلاهی** : ئەوانەی خوا خۆی هۆنێونیەتەوە . واتــە لــە زێدە جوانییا .
**ڕشتی** : ڕژاندت .
**ڕشتێ** : ڕوشدێ ، فامێ .
**رفیع القدر** ( ع ) : پایە بڵند .
**ڕکێف** : ئاوزەنگێ . ئەڵێن فــلان کەس لە ڕکێفی فلان کەسایە واتە لە دەســت و پێوەندی سەفەریەتی . یا فــلانە ژن لەژێر ڕکێفی فلانە پیاودایــە واتە ژنیەتی . لە ( رکاب )ی عەرەبییەوە هاتوە .
**ڕۆ** : ڕۆژ .
**ڕۆ** : مێتالێکە تێکەلە لــە مس و قەلایێ .
**ڕۆ ئاوەرد بە هەم** : ڕۆی هێنایــە یەك ، ڕۆی گرژ کرد .
**ڕواس** : ڕێوێ .
**ڕوالا** : ڕەواند . لەناوی برد .
**ڕوالان** : ڕۆ ئالان ، ئەوانەی دەم و چاویان سوور و جــوانە .
**ڕوبع مەسکون** ( ع ) : چــواریەکی تۆپی زەوێ کــە وشکانە و ئادەمێزادی تیا ئەژێ .

**ڕۆح ئەفزا** : گیان زۆر کەر .
**ڕۆ دۆ** : ڕۆ بدا .
**ڕۆ سەخت** : ئەوەی شەرم نەکا .
**ڕۆ گەردان** : ڕۆ وەرچەرخێن .
**ڕۆ گێلنا** : ڕۆی وەرچەرخاند .
**ڕۆ مالا** : ڕۆی هەلمالێ .
**ڕۆ مەردەگان** : ئەوانەی ئەمــڕۆ ، واتە تازە ، مردۆیان مردوە . یا ڕۆژیان مردوە واتە بەختیان کوێر بوەتەوە .
**ڕۆ نەکەردیوە** : لات نەکردەوە .
**ڕوهبانێ** : ڕەبەنێ .
**ڕۆی** : ڕۆژی .
**ڕۆێ** : ڕۆژێ .
**ڕۆێ جە ڕوان** : ڕۆژێ لە ڕۆژان .
**ڕۆیێ** : ڕۆژێ .
**ڕۆیین کوس** : تەپلی گەورەی کەللە تێکەل لە مس و قەلایێ .
**ڕەحیق** ( ع ) : شەرابی بێگەرد .
**ڕەخت** : جل و بەرگ . بار و بنە .
**ڕەخش** : ئەسپەکەی ڕۆستەمە . بە هــەر ئەسپــێکی باشیش ئەوترێ .
**ڕەخشان** : ئەوەی بدرەوشێتەوە . ڕازاوە و جوان .
**ڕەخشندە** : تێشك دەرەوە . بــە خۆریش ئەوترێ .
**ڕەد** : دانا . ئازا .
**ڕەزاشەن** : ڕازیبەتی .
**ڕەزم** : جەنگ . هەرا .
**ڕەست** : ڕزگار بۆ .
**ڕەستاخێز** : ڕاپەڕین .
**ڕەسم** : ڕەوشت . نەرێت .

**ڕەستیدە** : گەیشتو . پێگەیشتو .
**ڕەشح** ( ع ) : تەڕایی .
**ڕەشحە** ( ع ) : نم .
**ڕەشك** : غیرەت بزوتن و بەخیلی بردن . ڕەشۆ .
**ڕەشید** ( ع ) : لێهاتو .
**ڕەضامەن** : ئارەزۆم وایە ، حەز ئەکەم .
**ڕەعشە** ( ع ) : موچوڕکە .
**ڕەعنا سوار** : سوارێکی شۆخ وەك گولی ڕەعنا کە گولێکی شۆخ و بەرزە . هەروەها ڕەعنا بە شۆخ و باڵا بەرزیش ئەوترێ.
**ڕەفرەف** ( ع ) : شتێکە گوایە پێغەمبەر لە شەوی میعراجا سواری بوە پاش ئەوەی لە بوراق دابەزێ .
**ڕەفع** ( ع ) : لادان .
**ڕەقصانبێن** : کەوتنە سەما کردن .
**ڕەقصیان** : سەمایان کرد .
**ڕەقەم گەرد** : نوسی .
**ڕەم** : ڕەوگ . ڕا (کردن) .
**ڕەم ڕەم** : ڕەوگ ڕەوگ .
**ڕەمز** : نیشانە .
**ڕەم گەرد** : هەڵات ، ڕای کرد .
**ڕەم گەردەن** : ڕای کردوە .
**ڕەم کێش** : ڕەوگ بەدوای خۆدا هێنەر .
**ڕەممال** ( ع ) : ئەوەی ڕمل ئەگرێتەوە واتە بەخت ئەخوێنێتەوە .
**ڕەنج** : ماندویەتی .
**ڕەنجابی** : ڕەنجابوی .
**ڕەنج بەردە** : ئەو ڕەنجەی کە دراوە .
**ڕەنجۆر** : ڕەنجکێش ، بێمار .
**ڕەنجیا** : ڕەنجا .
**ڕەند** : زیرەك و بێباك و کەمتەرخەم . شۆخ و جوان.
**ڕەنگ ئامێزی** : ڕەنگ تێکەڵی .
**ڕەنگ بەست** : ڕەنگ گرتو .
**ڕەنگ ڕێژی** : ڕەنگ ڕشتن .
**ڕەنگ مبەست** : ڕەنگی وەرئەگرت . جارجاریش بە مەبەستی خوێن ڕێژان بەکار ئەهێنرێ.
**ڕەوان** : ئەوەی بڕوا .
**ڕەوان بێ** : ڕۆیشت ، جاری بۆ .
**ڕەوشەن بیابا** : ڕۆشن بوایەتەوە .
**ڕەوضە** ( ع ) : باخچە .
**ڕەوەند** : کۆچ و دوری . کۆچەر .
**ڕەویل** : کۆمەل .
**ڕەویە** : بیر . شێوە . لە (رویة)ی عەرەبییەوە هاتوە .
**ڕەهزەوان** : ئەوانەی ڕێ ئەگرنە بەر .
**ڕەهنمون** : ڕێ بەدێیی . ڕێبەدێیی‌کەر .
**ڕەهـ نەوەرد** : ڕێگا تەی‌کەر .
**ڕەهوار** : ئەسپ یا هێستری خۆش ڕەو .
**ریاض** : ڕشتەی کۆی ( روضة )ی عەرەبییە ، واتە باخچە .
**ڕێختەن** : ڕژاندوە .
**ڕیدا** ( ع ) : کراس .
**ڕێزا** : وەراندی . وەری .

**ڕێزان** : ڕژاندیان . وەراندن .
**ڕێزنا** : وەراندی .
**ڕێزە** : پارچە پارچە بۆ . وردە .
**ڕێزەی ڕاز** : وردە قسە .
**ڕسالەت** ( ع ) : پێغەمبەرێتی .
**ڕێش** : بریندار .
**ڕێشخەند** : پێکەنین بە ڕێش ، گاڵتە پێ کردن .
**ڕێشە** : ڕیشۆ . بێخ .
**ڕێکاب** : ئاوزەنگی . هاو ڕکێف ، لە عەرەبییەوە هاتوە .

## ( ز )

**زاغ** : قەلە ڕەش . ئەڵێن قەلەڕەش چاوی تیژە .
**زامەت** : زەحمەت .
**زانا** : زۆر زان . زانی .
**زایچە** : کۆنەکان باوەڕیان وا بوە هەرکەس دەفتەرێکی بچکۆلەی لە غەیبا هەیە چێی بێتەڕێ لەو دەفتەرەدا نوسراوە . (زایچە) بەو دەفتەرە ئەڵێن .
**زایف** : لاواز ، دەسکاری کراوی (ضعیف)ی عەرەبییە .
**زایلە** : هاوار . گریان و شیوەن .
**زایندە** : ئەوەی بزێ .
**زایە** : فەوتاو . لە (ضایع)ی عەرەبییەوە هاتوە .
**زڕانی** : ئەژنۆ .
**زگار** : خەفەت .
**زنج** : چەناکە .

**زوان** : زمان .
**زوبان بەستە** : زمان بەسراو .
**زۆخ** : کێم .
**زوخاڵ** : خەڵوز .
**زوشت** : ناشیرین .
**زوڵاڵ** : ساف . لە ( زلال )ی عەرەبییەوە هاتوە .
**زومرە** ( ع ) : کۆمەڵ .
**زومرەی ناجیە** ( ع ) : ئەوانەی ڕزگاریان ئەبێ . مەبەست لە موسوڵمانانە .
**زومەڕڕەد** : زمڕوت ، بەردێکی گرانبەهای سەوزە .
**زونار** : پەتێکی هۆنراوەیە بت پەرست و ئاگر پەرست لەگەڵ خۆیانی هەڵئەگرن .
**زوهرەی ڕەققاص** : ئەستێرەی زوهرە کە پێیشی ئەڵێن (گۆرانی بێژی ئاسمان) .
**زەبوونگیر** : ئەوەی پەلاماری زەبون و بێ دەسەڵاتان بدا .
**زەبەر دەست** : بەهێز .
**زەدە** : لێدراو ، توش بو .
**زەڕ ئەندود** : شتێ کە بە زێڕ ماڵە درابێ .
**زەڕبەفت پۆش** : ئەوەی قوماشی بە زێڕ چنراو یا تاڵی زێڕ تێ هەڵکێشراو لەبەر ئەکا .
**زەڕ تار** : لە شێوەی زێڕ . قوماشێ تانەکەی یا پۆکەی لە زێڕ بێ . زەرد .
**زەڕڕین کەمەر** : پشتێنی زێڕین .
**زەڕ ستون** : کۆڵەکەی زێڕ .

**زەڕ شناس** : زێڕ ناس . زێڕەك و شارەزا .
**زەڕکار** : ئەوەی لە زێـڕ دروست کرابێ .
**زەڕگەر** : زەڕنگەر .
**زەڕنیگار** : ڕازاوە بە زێڕ . ئەوەی بە ئاوی زێڕ نوسرابێ یا لێی نوسـرابێ . بـەو کەسـەش ئەڵێن کە خەریکی ئەم کارە ئەبێ .
**زەڕ وەشان** : زێـڕ بـە سـەردا هەڵپرژاندن .
**زەریـف** : چـاك . لە (ظریف)ی عەرەبییەوە هاتوە .
**زەلزەلە** ( ع ) : بومە لەرزە .
**زەمزەمە** ( ع ) : هەرا و زەنا .
**زەمهەریر** : سەرمای ئێجگار توند.
**زەمین** : زەوێ . تەخت .
**زەن** : ژن .
**زەنبیـل** : سـەبەتە ، زەمیلـەی دەست .
**زەنگ کەردەن** : داوای کردوە .
**زەنگۆلە** : زەنگڵە ، چلۆرە .
**زەنگێ** : ڕەش .
**زەنندە** : لێدەر .
**زەیبەقێ** : ڕەنگ وەك ڕەنگی جێوە .
**زەین** : تێگەیشـتن و بیـر . لـە (ذهن)ی عەرەبییەوە هاتوە .
**زێب** : جوانێ .
**زێبا** : جوان .
**زێبندە** : ڕازێنەرەوە .
**زێج** : کتێبێکە ئەستێرە گرەوەکان هـەواڵی جـمو جـوڵی ئاسـمانەکان و ئەستێرەکانی پێ ئەزانن لە (زێگ)ەوە کراوە بە عەرەبێ .
**زێد** : ئەو شوێنەی کەسێکی تیـا لەدایكبوە . وڵات .
**زێد زامن** : ئەو شـوێنەی مرۆی تیا لەدایكبـوە و مـۆگەرکەری بەڕێوەچونی ژیانیەتی .
**زێر تەنگ** : ژێر تەنگە .
**زێر جامە** : ژێرکراس ، دەرپێ .
**زێڕنا** : زێڕاندی .
**زیندەگێ** : ژیان .
**زینهار** : ئاگات لە خۆت بێ .
**زێوەر** : جوانێ . ئـەوەی شتێکی پێ بڕازێننەوە .

**( س )**

**سا** : تەخت . سێبەر . ساف .
**سا بێ سامانش** : سامانی هەمـوو تەخت بوو . هێچی نەمایەوە .
**ساتێ** : سەعاتێ .
**سـاچاخ** : ڕێشـوی مشـکێ و شەدە .
**ساختە** : کردوو .
**سارا** : دەشت . دەسکارێ کراوی (صحراء)ی عەرەبییە .
**سـاز** : هـەرکام لە ئامـرازەکانی مۆسیقا . ئالەتێکی تایبەتیی مۆسیقایە .
**سازکار** : ئەوەی لەگەڵ هەموو کەس بسازێ .
**سازندە** : زۆر بڵێ . گۆرانیبێژ . مۆسیقاژەن .

**ساز نــەورۆز :** یەکێــکە لە ســێ ئاوازەکەی باربود .
**ساغەر :** پیاڵەی مەی خواردنەوە .
**ساق :** قاچ .
**ساقی** ( ع ) : مەیگێڕ .
**ساکن نمەبۆ :** دانامرێتەوە .
**ساڵ کوهەن :** کۆنە ساڵ ، پیر .
**سام ســەنگی :** کەسێ کە ســامی قورس بێ لە دڵی خەڵکدا .
**سامیری :** ئــەو جادوگەرەیــە لــە ســەردەمی مۆســا پێغەمبەردا گوێرەکەیەکی دروست کردبو قسەی ئەکرد .
**سان :** باج و خــەراج . ئــەوەی پادشای دەســەڵاتدار و بــێ دەسەڵاتی لە یەك پێ جــوێ بکرێتەوە . سامان و کەل و پەل .
**ساو خەنجەر دا :** تێژی کرد .
**ساودان :** تێژیان کرد .
**سا و سۆك :** هێنانی چەقۆ بە لەپی دەستا بۆ دڵنیایی لە تێژیی .
**ساو کێشان :** ڕێژیان بەست .
**سایەبان :** ئــەوەی ســێبــەر بــۆ کەسێك ئەکا .
**سپەردش :** سپاردی .
**سپی تەتاران :** تاتارە سپییەکان . مەبەست لە کچی جوانە .
**ستارە :** ئەستێرە .
**ستاناش :** سەندی ، وەریگرت .
**ستانام :** سەندم .
**ستون :** کۆڵەکە ، پایە .
**ستەمگەر :** زاڵم .

**ستێز :** تۆڕەیی .
**ستێزا :** ئازاری دا .
**ستێزە :** دەمەدەم .
**سرۆش :** ئەو فریشتەیەی هــەواڵ لە غەیبەوە ئەهێنێ .
**سروشتەن :** دروست کراوە .
**سزا :** شایان . ئازار .
**سزاوار :** شایان .
**سفارش :** ڕاسپێری .
**سفتە :** سوتاو .
**سفتــەنێ :** ئــەوەی لەوانــە بــێ بســمرێ . داتاشراو .
**سکەندەری :** تێسرەواندنێکی وەك ئــەوەی ئەســکەندەر لــە دوژمنانی . ئەسکەندەریانە .
**سمۆرپۆش :** سمۆر گیان لەبەرێکە لە چەشنی پشیلە ، پێستێکی سوری مەیلەو ڕەشی هەیە . مەبەست لە ســمــۆر پۆشیش شەوە .
**سمۆر پۆشان :** ئەوانــەی پێســتی سمۆرە لەبەرئەکەن .
**سنجق وناران :** ئەوانــەی ئــاڵایی قنج ئەکەنەوە .
**سێ :** سوێ . شەوق .
**ســوب :** بەیانێ ، لە ( صــبح )ی عەرەبییەوە هاتوە .
**سوبوك :** ســوك .
**سوبوك خێز :** ئاسان ڕاپەڕێو .
**سوپەر :** ئامرازێ بوە جاران لــە کاتی شەڕا داویانە بە ڕوودا یا بــە بەری سنگیانــەوە گرتوە

بۆئەوەی شیر و تیری دوژمن
برینداریان نەکا .
**سوپەند** : گیایەکە لە خۆیەوە
ئەڕوێ تۆوێکی وردی ڕەشی
هەیە بۆ چاوەزار ئەیوەرێننە
ناو ئاگر .
**سۆچیا** : سوتا .
**سۆچیان** : سوتاوە .
**سوخەن پەرداز** : قسە ئامادەکەر .
**سوخەن چین** : ئەوەی قسە دێنێ و
دەبا .
**سوخەن خوانێ** : قسە خوێندنەوە.
مەبەست وتە دانە .
**سوخەندان** : قسەزان .
**سوخەن سەرایێ** : قسە هۆنینەوە.
**سوخەن سەنج** : قسە زان و
قسەکەر .
**سوخەن سەنجیدە** : قسە گونجاو .
**سوخەن شکاوان** : ئەوانەی قسە
لەت لەت ئەکەن ، واتە وردی
ئەکەنەوە و باشی تێئەگەن .
**سوخەنوەر** : خاوەن قسە .
**سوخەنوەرێ** : قسە لێهاتن .
**سوَر** : شایێ .
**سوراحێ** : ئەو شیشەیە شەرابی
لێوە ئەکرێتە پیالە .
**سۆراخ** : کون . پەیجۆر .
**سورادیقات** : خێوەتگا . چەرداخ .
پەردە .
**سورخ عەییار** : سوَرەی عەیار ،
فێلبازێکی زۆرزانی
بەناوبانگە لە فۆلکلۆری
کورددا .

**سورمە** : کلە .
**سۆزا** : سوتا .
**سۆزان** : ئەوەی بسوتێ .
**سۆزانی** : سوتاوی .
**سۆزندە** : ئەوەی بسوتێنێ .
تیژ .
**سۆسەن** : گیایەکە گەڵایەکی
بارێك و درێژ و گوڵێکی
جوانی بۆنخۆشی زەرد و
شین و سپی هەیە .
**سۆما** : ڕۆناکێ .
**سوم** : سم .
**سونبول** : گیایەکی بۆنخۆشە بۆ
دەرمان و بۆ دروستکردنی
بۆنخۆشێ بەکاری ئەهێنن .
**سۆنگ** : پەیوەند . هۆ .
**سوها** : ئەستێرەیەکە .
**سوەیل** : سوهەیل ، ئەستێرەی
گەلاوێژ .
**سەبعەی سەییار** : حەوت ئەستێرە
گەڕۆکەکە . ئەمە بەپێی
زانستی ئاسمان شناسێی
کۆنە .
**سەبۆ** : کوپە .
**سەبۆن** : بای گڕە . لە (سموم)ی
عەرەبییەوە هاتوە .
**سەحەرخێز** : سبەینێ زۆ لە خەو
ڕاپەڕیو .
**سەر ئاغـۆج** : سەر و ڕۆ پۆشی
ژنان .
**سەرا پەردە** : بارەگای پادشایان .
**سەراچە** : ماڵۆچکە .

**سەراسیمە** : سەرسام و سەر لێتێکچو .
**سەراوان** : سەرچاوەکانی ئاو .
**سەراویز** : سەرەوخوار .
**سەر ئەفراز** : ڕزگار .
**سەر ئەفگەندە** : سەر دانەواندو . سەرشۆڕ .
**سەرئەندەر** : سەر دانەواندو .
**سەربەش** : دابەش کردن بەسەر ئەم و ئەودا .
**سەر بە موهر** : سەرمۆر ، داخراو، بە کچی بە ژن نەبویش ئەوترێ .
**سەر بیساط** : سەرفەرش ، مەبەست زەوییە .
**سەرتا** : سەر تاڵ .
**سەرجۆش** : سەر قاپ توند کراو .
**سەرچەشمەی زیندەگێ** : سەرچاوەی ژیان ، ئەو کانیاوەی لە ئەفسانەکانا ئەڵێ وا لە تاریکاییەکدا هەرکەس بیگاتێ و لێی بخواتەوە هەرگیز نامرێ .
**سەرڕشتە** : سەرە تاڵ .
**سەرژان** : مایەی ژانە سەر و مەینەت .
**سەر سایە** : ئەو شتەی سێبەر ئەکا بەسەر شتێك یا کەسێکەوە .
**سەرشار** : پڕ بە جۆرێ لێی بڕژێ . بە مەستی تەواو سەرخۆش بۆیش ئەوترێ .

**سەرش وست نە وەر** : سەری شۆڕ کردەوە بۆ بەردەمی خۆی . سەری داخست .
**سەر قەدەم ساختە** : سەر ئەکەم بە قاچ . واتە لەسەر سەر دێم .
**سەرکار** : کەسێ کە کاروباری کەسێکی کە جێبەجێ بکا . بە مەبەستی ڕێز لێ گرتنیش وەك وشەی ( جەناب ) بەکاردێ .
**سەرکوان** : لوتکەی شاخەکان .
**سەرکونە تانە** : لۆمە کراو و تانوت لێدراو .
**سەرکەش** : سەرکێش ، یاخێ .
**سەرکەلەی دەوار** : پارچە دەوارێکە ئەخرێتە سەر تەختە دەوارێکی کورت لەسەر باری درێژێ .
**سەرگوزەشت** : ئەوەی بەسەردا تێپەڕیوە .
**سەرگوشێ** : سەر بە گوێچکەوە نان ، چپە چپ کردن .
**سەرگەرد** : قوربان .
**سەرگەشتە** : سەرگەردان ، ئاوارە .
**سەرلولە** : دارێکی درێژکاری خڕە کەللەکانی ئەمسەر و ئەوسەری بێشکە پەیوەند ئەکا بەیەکەوە. لولە سەر ، کە خشڵێکە ئافرەت بۆ جوانێ ئەیکا بە سەریا .

**سەرمەشق** : جاران منالآن لە ژێر دەستی خەت خۆشێکدا فێری نوسێن ئەبون . خەتخۆشەکە لەلای سەرۆی لاپەڕەکەوە دێڕێکی بۆ ئەنوسێن و ئەوانیش لەبەر خەتەکەی ئەو ئەیاننوسییەوە بەو نوسراوەی خەتخۆشەکە ئەوترا (سەرمەشق) .
**سەرنگون** : سەرەو بن .
**سەرنوێس** : سەرنوس ، ئەوەی پاشەڕۆژی کەسێ دیاری ئەکا .
**سەرنویشت** : چارەنوس .
**سەر نەبەردش** : نەبردە سەر .
**سەر نەکێشۆ** : سەرکێشی نەکا .
**سەروستان** : یەکێکە لە سێ ئاوازەکەی باربود .
**سەرو سەهێ** : یەکێکە لە سێ ئاوازەکەی باربود .
**سەروێن** : سەرپێچ .
**سەرەندەر** : سەر دانەواندۆ .
**سەر هۆر دەردن** : سەریان هەڵدا .
**سەرێر** ( ع ) : کورسێی لەسەر دانیشتن . تەختی شایێ .
**سەعد ئەکبەر** : ئەوەی بەپێی ئەستێرە شوناسێ بەختی زۆر یار بێ ، پێی‌ئەڵێن ئەستێرەی لە ( سەعدی ئەکبەر ) دایە .
**سەعێر** ( ع ) دۆزەخ .
**سەفێل** ( ع ) : بێ‌حورمەت و سوك .

**سەقا** ( ع ) : ئاوکێش .
**سەقام** : ئۆقرە . لە ( استقامة )ی عەرەبییەوە هاتووە .
**سەقف** ( ع ) : بن مێچ .
**سەقف زەبەقێ** : بانی جێوەیێ ڕەنگ ، مەبەست لە ئاسمانە .
**سەقلاب** : سەگلاوێ ، سەگی ئاوێ کە فەروێکی گرانبەها لە پێستەکەی دروست ئەکرێ .
**سەقەر** : دۆزەخ .
**سەقەط بێ** : کەوت .
**سەگوەند** : ئەوانەی سەگ ئەبەستنەوە ، واتە مەیتەری تانجێی ڕاو . بەو لەشکرییانە ئەوترا کە بەردەستێ و شتیوایان پێ ئەکرا .
**سەما** : ئاسمان .
**سەماجەت** ( ع ) : بێ‌شەرمێ .
**سەمت** ( ع ) : لایەن .
**سەموم** ( ع ) : گڕە بای گەرم .
**سەمەن** : یاسەمێن .
**سەمەن بۆ** : بۆن خۆش وەك سەمەن .
**سەمەن تورك** : کەنیزەکێکی دەرباری خوسرەوی پەروێز بوە .
**سەمەند** : ئەسپی زەرد ڕەنگ .
**سەمەنزار** : باخچەی گەلآ سێ پەڕە .
**سەنان** ( ع ) نوکی تیر .
**سەنج** : کێشانە و پێوانە . لەوانەیە لە ( سەنگ )ەوە هاتبێ . ئامرازێکی مۆسیقایە .

**سەنجاب** : گیانلەبەرێکە لە پشیلە بچوکترە ، کلك و موی درێژ و پێستی زۆر نەرمە ، زیاتر بەسەر دارەوە ئەژێ ، لەبەر خاتری پێستەکەی ڕاوی ئەکەن .
**سەندەن** : سەندوە .
**سەنگ بەست** : بەرد ڕێژ .
**سەنگ تراش** : ئەوەی بەرد ئەتاشێ .
**سەنگ خار** : بەردی سەخت .
**سەنگ سار** : بەردە باران .
**سەنگ سیا** : پێشۆر ، بەردێکی ڕەشی گرنج گرنجە ژێر پێ و پاژنەی پێ ئەشۆن .
**سەنگ شکاو** : بەرد بڕ .
**سەنگ وەیەکدا هەڕ** : ئەوەی بەرد ئەهاڕێتە یەك .
**سەنگی** : قورس .
**سەواد** (ع) : ڕەشایی ، جارجاریش مەبەست لە ئاسمانە .
**سەوادی** ( ع ) : ڕەشی ، تاریکی.
**سەودا** : سۆز و ئارەزو .
**سەوداگەر** : مامەڵەچی .
**سەوقات** : دیاری .
**سەوگەند** : سوێن .
**سەوڵ**: گیایەکی گەڵاپانی سەوزە، گوڵێکی پانی سور ئەگرێ .
بێ .
**سەهمناك** : سامناك .
**سەهی** : ڕاست و ڕەوان .
**سەیران** : گەڕان و هات و چۆ .
**سەیف** : سیف بن ذی الیزن ، یەکێ بوە لە پادشاهانی یەمەن لە دوا سالەکانی پێش ئیسلامدا .
**سەیوان** : چەتر .
**سیاسەت** ( ع ) : دەرد و مەینەت (مەعنا عەرەبییەکەی وا نیە) .
**سیاکەمەندان** : کچە زوڵف ڕەشەکان کە زوڵفیان وەك کەمەند وایە بۆ دڵی عاشقان.
**سیام ستارە** : ئەستێرەم ڕەشە .
**سیبط** ( ع ) : کوڕەزا یا کچەزا .
**سیخناخ** ( ت ) : ئەوەی ئەوەندەی تێ ئاخنرابێ جێی هێچیتری تیا نەبێتەوە .
**سێخەر** : ژێژك .
**سیدر** ( ع ) : مۆرد .
**سیدرەی مونتەها** : سدرة المنتهی ، شوێنێکە لەو شوێنانەی ئاسمان کە پێغەمبەر لە شەوی میعراجا تێیانچوە و جوبرەئیل کە لەگەڵ پێغەمبەرا بو لەوە بەولاوە نەیتوانی بڕوا .
**سیڕ** ( ع ) : نهێنی .
**سێف** : سێو .
**سێڵاو** : لافاو .
**سیلسیلە** ( ع ) : زنجیرە .
**سێماب** : جیوە .
**سێم ئەندام** : لەش سپی وەك زیو .
**سێمرغ** : پەلەوەرێکی زۆر گەورەی خەیالییە ئەڵێن شوێنی لە کێوی قافە .
**سێمین عوزار** : ڕوخسار سپی وەك

زێو .
**سینج** : پڵپڵەی دەوری کەللەی دەف . بە هەڵە لە هەندێ شوێنی کتێبەکەدا نوسراوە (سەنج) .
**سینن** ( ع ) : عومر .
**سیوای ئەو** : بێجگە لەو .
**سێوەنگ** : ڕەش . پەیوەست .

**( ش )**

**شائیبە** ( ع ) : شتێ شتێ لەکەدار بکا .
**شاپ** : شەقازلە .
**شاپور** : وێنەگرەکەی ڕابەری نێوان شیرین و خوسرەو . ناوی یەکێکیشە لە شاکانی ئێران .
**شاخ** : لق .
**شاخ ڕێحان** : لقی ڕێحانە . جارجاریش مەبەست لەو لولە باریکەی دوکەڵی عودە سوتاوەیە کە سەرئەکەوێ .
**شاخ سوزانمەن** : لق و پوپم ئەسوتێ .
**شاخە** : لق .
**شادروان مروارید** : یەکێکە لە سێ ئاوازەکەی باربود .
**شادەکامی** : شادبونی ناحەز بە مەینەتێك بەسەر ناحەزیابێت.
**شادێلغ** : شایێ و زەماوەند .
**شاطر**: تەتەر، ئەوەی نامەی ئەهێنا و ئەبرد لەنێوان ناوچە دورەکانا .
**شاق** ( ع ) : زەحمەت .
**شام** : ئێوارە .
**شامێ** : شوتێ .
**شانا** : هەڵیدا ، وەشاندی .
**شاناز** : ئاوازێکی موسیقایە .
**شانامە** : شاهنامە ، کتێبە ناودارەکەی فیردەوسێ لە مێژوی شاهانی ئێراندا بە شیعر . بە هەر بابەتێکی درێژیش ئەوترێ .
**شانشین** : شێوەیەکی خومالێی ( بالکون )ە لە کوردستانا .
**شاهو** : شاخێکە لە هەورامانی بەشی کوردستانی ئێران .
**شاهوار** : ئەوەی ئەوەندە چاك بێ شایانی شا بێ .
**شایستە** : شایان .
**شایەد** : بەڵکو .
**شایێلوغ** : شایێ و زەماوەند .
**شایێن** : شاهێن .
**شراباً طهور** ( ع ) : ئاوی بەهەشت.
**شرەنگ** : ژار ، هەرچی تاڵ بێ .
**شکار** : ڕاو .
**شکار ئەفگەن** : ئەو ڕاوچییەی نێچیر ئەدا بە زەویدا .
**شکار ئەفگەنان** : لە حاڵی نێچیر بە زەویدا ـ داندا .
**شکاف** : درز . کونکەر .
**شکاو** : درز . درزکەرە شتێك .
**شکاوا** : پشکوت .
**شکاواش** : بوی پشکوت . پشکواندی . لەتی کرد .
**شکست وەرد** : شکستی خوارد .

**شکۆشەن** : شکۆیەتی .
**شکۆفە** : چرۆ .
**شکەنج** : ئازار . چرچ و لۆچ .
**شمشاد** : شمشاڵ .
**شناسا** : ناسی .
**شنۆ** : شنە .
**شنەخت** : ناسیاوی .
**شنەفتش** : بیستی .
**شۆ** : بڕۆ . بڕوا .
**شوتور** : وشتر .
**شۆخی** : گاڵتە .
**شۆر** : تام و لەزەت . هەرا و ئاژاوە . سوێر .
**شۆر ئەنگێز** : ئەو شتەی حەز و ئارەزوو لە دڵا ئەبزوێنێ .
**شۆرشت** : شۆرش ، ڕاست بونەوە .
**شورۆر** ( ع ) : خراپی . بە بنیادەمی خراپیش ئەوترێ .
**شۆرەزار** : زەویی شۆرە کە بۆ کشتوکاڵ دەست نەدا .
**شۆریدە بەخت** : بەخت وەرگەڕاو .
**شوعلە** ( ع ) : تیشک .
**شوعلەدار** : تیشکدار .
**شۆلە** : تیشک . لە ( شعلة )ی عەرەبییەوە وەرگیراوە .
**شومارندە** : ئەوەی ئەژمێرێ .
**شۆن** : شوێن . دوا . گفت و پەیمان . نیشانە و پاشماوە .
**شەباوێز** : پەلەوەرێکە بە شەو خۆی بە درەختەوە شۆڕ ئەکاتەوە و دەست ئەکا بە خوێندن .
**شەب ئەفرۆز** : ئەوەی بە شەو ئەگڕێ .
**شەبدێز** : شەودێز . ناوی ئەسپەکەی خوسرەوی پەروێزە . بۆیە وا ناو نراوە چونکە وەک شەوی تاریک ڕەش بوە .
**شەبستان** : تاریکستانی .
**شەب فەڕۆخ** : یەکێکە لە سێ ئاوازەکەی باربود .
**شەبگیر** : دەمەوبەیان . سبەینێ .
**شەرابی** : ئەوەی شەرابی خواردبێتەوە .
**شەڕ ئەنگێز** : شەڕ هەڵگیرسێن .
**شەڕجۆ** : بەدوای شەڕا گەڕاو .
**شەرەفنامە** : نامەی پیرۆز ، نامەی گەورە پیاوان .
**شەرێر** ( ع ) : خراپ و بەد .
**شەست** : شتێکە وەک ئەمۆستیلە لە ئێسقان و شاخ و شتیوا دروستی ئەکەن و لە پەنجەی ئەکەن و لەکاتی تیر تەقاندندا ژێی کەوانەکەی پێ ئەگرن . لە شیعرەکاندا بە هەڵە نوسراوە ( شەصت ) .
**شەش دانگ** : موڵکی تەواو . بە کەسێک یا شتێکیش ئەوترێ لە هیچی ناتەواو نەبێ .
**شەعشەعە** ( ع ) پرشە و ورشە .
**شەفاخوا** : شەفاعەت خواە ، تکاکار .
**شەفاش** : شەفای ، تکای . لە

( شـــفاعة )ی عەرەبییـەوە وەرگیّراوە .

**شەفاف** ( ع ) : ئەوەی وەك شیّشە شتی لەودیوەوە ببینریّ .

**شـەفیعا** : مـیرزا شـەفیعی جانـەوەرەیی . شاعـیریّکی کوردە ، ئەویش ( شیّرین و خوسرەو )یّکی جـوانی ئەلیّن هەیە . دیارە بەر لە ( خانا ) ژیاوە .

**شەق** : کەرت .

**شەقایق گوّن** : سوور وەك گـولە میلاقە .

**شەق شەق** : کەرت کەرت .

**شەکەر** : شـەکر . بـە پیّـکەنینی بەتـام و قسـەی خوّشیش ئەوتریّ .

**شەکەر ئامیّز** : تیّکەلّ بە شـەکر .

**شەکەربار** : زوّر شیّرین .

**شەکەر خا** : شـەکر خوّر . قسـە خوّش وەك شـەکر .

**شەکەر خەند** : پیّکەنینی بەتام وەك شـەکر .

**شەکەر سوخەن** : قسە شیّرین وەك شـەکر .

**شەللا** : خوّزگە . لە ( شاءالله )ی عەرەبییەوە هاتوە .

**شەم** : مـوّم . لـە ( شـمع )ی عەرەبییەوە هاتوە .

**شەمالّ شەندە** : شـەمالّ تیّکداو و بە ئاسمانا بردوّ .

**شەمالە** : ئەو گڕەی ئاگر کە هەوا ئەیلەرزیّنیّتەوە .

**شەمایل** ( ع ) : خوّ و ڕەوشت .

**شەممەیی** : هەندیّ .

**شەمیم** ( ع ) : بوّن . لە ئەسلّە عەرەبییـەکەیدا بـە مەعنا بـوّن کراوە .

**شەندش** : وەشاندی . هەلّی‌دا .

**شـەندەبیّ** : وەشـاندبوّی ، برژاندبوّی .

**شەندەن** : وەشاندوە .داوە .

**شەنگەرف** : جوّریّکە لە بەردی کانی جیوە ، توّزیّکی سـوور یـا قاوەیی هەیە بـوّ نەخشکاریّ بەکاری دیّنن .

**شەوبەند** : پشتیّنی شەو .

**شەو خاو** : ئەو بـەرگەی شـەو لەکاتی نوستنا لەبەرئەکریّ .

**شەوخیّز** : ئەوەی بەشەو بیّدارە .

**شەو شەویّ** : لـە هـەر چەنـد شـەویّکا جاریّك .

**شەهاب ئەنجـوم** ( ع ) : ئـەو ئەستیّـرەیەی بـە شـەو ئەکشیّ و ئەلیّن گوایە ڕەجمی شـەیتان ئەکا .

**شەهد** : شیّلەی هەنـگوین ، یـا هیّ هەرچیّتر .

**شەهریاریّ** : پادشایەتیّ بەجوّریّ لە هەموّ پادشایان گەورەتـر بیّ .

**شـەهناز** : نـاوی یەکیّـکە لـە ئـاوازەکانی موّسیـقای ئیّرانیّ .

**شەیپۆڕ** : کەڕەنای جەنگی ، فوی پیا ئەکەن بۆ ئاگادار کردنی سەربازەکان .

**شەیطەنەتوار** : ئـەوەی کرداری وەك کرداری شەیتانییە .

**شێ** : دەرچۆ .

**شێ بە خیشم** : چۆ بە ڕقا .

**شێتاب** : پەلەپەل .

**شێتابان** : بە هەڵەداوان .

**شێخ صەنعان** : دلدارێـــکە لـــە فۆلکلۆری کـوردا ئەڵێـــن موسوڵمانێکی خواناس بـوە ، لەپێناوی خۆشەویستێدا لـە موسوڵمانـــەتی پاشــگەز بوەتەوە .

**شێخە** : دەنگێـکی لـە چـەشنی زیڕەیە لە هەندێ ئالـــەتی مۆسیقاوە دەرئەچێ. لەوانەیە سوك کـراوەی ( شـریخە ) بێ .

**شێربەها** : شێربایی .

**شێرین خیطاب** : قسەخۆش .

**شێشەباز** : ئەوەی یاری بە شیشـە ئەکا .

**شێشـــەگەر** : ئـەوەی شیشـــە دروست ئەکا .

**شیکایەت** : شکات .

**شێکەردن** : خاویان کردەوە .

**شێن** : چۆن . گریان و زاری .

**شێونا** : شێواند .

**شیەن** : دەرچوە ، ڕۆیشتوە .

## ( ص )

**صادق الوعد** : ( ع ) : گفت ڕاست.

**صاعیقە** ( ع ) : هەورە برۆسکە .

**صوبح دەم** : دەمی بەیان .

**صوبخێز** : ئـەوەی بەیـانی زۆ لە خەو هەڵدەستێ .

**صۆرەتبەند** : وێنەکێش .

**صۆرەتگەشێ** : وێنەگرتن .

**صـەبوحی** ( ع ) : تاقمێکـن لـە فرێشتە .

**صەحرا نەوەرد** : بیابان تەیکەر .

**صـەحن** ( ع ) : حەوشە .

**صـەدر** : ( ع ) : لای سەرەوە .

**صـەڕاف** ( ع ) : ئـەوەی پـارە ئەگۆڕێتەوە .

**صەرصەر** ( ع ) : بـای تونـد و سارد .

**صەرعێ** ( ع ) : فێدار .

**صەرف** ( ع ) : خواردن . تـەواو کردن . خواردنەوە .

**صـەرفە** : جێبـەجێ کـردن ، بەجێهێنان . قازانج .

**صـەفح** : ( ع ) : صەفحە ، ڕۆ .

**صەڵا** : بانگ و هاوار . لە (صلاة)ی عەرەبییەوە هاتوە .

**صەڵات** : صـەڵاحت ، ئەوەی بـە مەسلەحەتی ئەزانێ .

**صەومـەعەی ئەفـلاك** ( ع ) : ئاسمانەکان کە پەرستشگان . مەبەسـت لەوەیـە ئاسـمان پەرستشگای فریشتەکانە .

**صەهبا** ( ع ) : مەی .

**صەید ئەفگەن** : نێچیر ڕمێن .
**صەیقەل** ( ع ) : قەڵایێ کـە مسی پێ سپێ ئەکرێتەوە .

## ( ض )

**ضەبط** ( ع ) : وەرگرتن . نوسێن .
**ضەرب** ( ع ) : لێدان .
**ضەڕاب** ( ع ) : سکە لێدەر .
**ضەرغام** ( ع ) : شێر .
**ضەروور** ( ع ) : ناچار .
**ضەمیر** ( ع ) : دڵ .
**ضەیغەم** ( ع ) : شێر .

## ( ط )

**طاقئەخضەر** : تـــاقی ســەوز ، مەبەست ئاسمانی شێنە .
**طالیع** ( ع ) : بەخت .
**طاوس پەڕ** : پەڕی تاوس .
**طایر** ( ع ) باڵدار .
**طرفة العین** ( ع ) : چـاو تروکاندن
**طلوع** ( ع ) : هەڵهاتن .
**طوبا** (ع) : درەختێکە لە بەهەشتدا.
**طوبا سایە** : ئەوەی درەختی طوبا سێبەری بۆ ئەکا .
**طوڕە** ( ع ) : دەستە موی ئەملاو ئەولای تەوێڵ . زوڵف .
**طوس نـەوزەر** : یەکـێکە لـــە پاڵەوانــــانی داستانەکانی ئێـران ، لــە ســەردەمی کەیـکاوس و کەیخوسـرەودا بوە .

**طوغرا** : نوسراوێکی وەك ئیمـزای ئیستا پێچا و پێچ بوە لەسەر فەرمانی پادشاهان نوسراوە .
**طوفەیل** ( ع ) : چەورە . ئەوەی بە زۆر خـۆی بــە شــتدا هەڵەواسێ .
**طومطوراق** : فەڕ و شکۆ .
**طەبعش** : تەبیعەتی ، ڕەوشــتی . (لە عەرەبییەوە هاتوە ) .
**طەبەقچە** : سێنیی بچکۆلە .
**طەرز** ( ع ) : شێوە .
**طەرەبناك** : بە خۆشییەوە .
**طەڵەبکار** : داواکار .
**طەلیسم** : پارچە کاغەزێکە یا پارچە میتاڵێکە جادوگەران شـتێکی لێ ئـەنوسـن یا نەخشێکی لێئەکـەن و ئـەڵێن بـۆ چاوەزار و شتیوا باشــە . بــە هــەر نوســـراوێکیش ئەوترێ کە بە هـەمو کەسێ نەخوێنرێتەوە .
**طەنطەنە** ( ع ) : ئـاوازی ئامرازی موسیقا .
**طەور** ( ع ) : ڕەوشت . جۆر .
**طەوق** ( ع ) : گەردنبەند .
**طەیش** ( ع ) : سـەرکێشی .
**طیفلێوەن** : منالێکە .

## ( ظ )

**ظل آلهی** ( ع ) : سێبەری خوا .
**ظەریف** ( ع ) : جوان .

## ( ع )

**عاج** : ددانی فیل .
**عاطیفەت** ( ع ) : بەزەیی .
**عاق والدین** ( ع ) : منالێ لەگەل باوکو دایکی خۆی چاك نەبێ .
**عالەم فرێو** : خەلك هەلخەلەتێن .
**عام** ( ع ) : گشتێ ، خەلك .
**عزیز القدر** ( ع ) : پایە بەرز .
**عوّد** : ئالەتێکی مۆسیقایە . دارێکی بۆن خوشە بۆ بۆنی خۆش دانەوە ئەیسوتێنن .
**عورۆسێ** : بوك بۆ هێنان .
**عوریان** ( ع ) : ڕووت .
**عوششاق** : ئاوازێکی مۆسیقایە .
**عەبدال** : عەودال ، کەسێ شوێن شتێ کەوتبێ .
**عەجاوێ** : لە ( عجائب )ی عەرەبییەوە وەرگیراوە .
**عەجوزەی بێ شوو** : پیرەژنی بێ مێرد ، زۆر جاریش مەبەست لە فێلباز و دەسبڕە .
**عەجەب ئاهیرێ** : ئاگرێکی سەیر .
**عەجەب مەندەبێ** : سەرسام مابو .
**عەرصەی ڕەستاخێز** : مەیدانی جەنگ .
**عەرصەی قیام** ( ع ) : مەیدانی ڕۆژی قیامەت .
**عەرض** ( ع ) : ناموس . ماوە . پانایێ .
**عەرضە** : عەرزوحال .
**عەزم** ( ع ) : نیاز .

**عەسەس** ( ع ) : پاسەوان .
**عەصای مۆسەوێ** : دار عاساکەی دەستی مۆسا پێغەمبەر کە ڕۆبـاری نێلی پێ دوو کەرت کـرد و لـە ڕۆی فیرعـەونا هەلیئەدا ئەبو بە مار .
**عەطارید** : بچوکترین ئەستێرەیەکەو نزیکترینیانە لە خۆرەوە . بە ٨٨ ڕۆژ جارێ بـە دەوری ڕۆژا خول ئەخوا .
**عەقرەب** ( ع ) : دوپشك .
**عەقەب** ( ع ) : دوا .
**عەلەمـدار** : ئـەوەی ئـالایێ هەلئەگـرێ و لـەپێش لەشکرەوە ئەڕوا .
**عەمارێ** : کەژاوە کە ئەیخەنە سەر ئەسپ و حوشتر و تیا دائەنیشن .
**عەمامە** ( ع ) : مێزەر .
**عەممە** ( ع ) : پور .
**عەمێم** ( ع ) : بلاو .
**عەنبەربار** : ئەوەی بۆنی عەنبەری لێ بێ .
**عەنبەر بێز** : ئەوەندە بۆن خـۆش کە عەنبەر لە بەرچاو بخا .
**عەنبەرچە** : جۆرە خشلێکە پـڕی ئەکەن لە عەنبەر و ئافرەتان ئەیکەنە مل بۆ بۆن خۆشێ .
**عەنبەرێن** : عەنبەراوێ .
**عەنناب** ( ع ) : درەختێکی دڕکاوییە دارەکـەی سـور و ڕەقـە ، مێوەیەکی ورد و خـۆش و خڕ و شیرێنی هەیە ، پایزان

بێ ئەگا .
**عەورەت** : جاروبار بــە ئافرەتیش ئەوترێ .
**عەیار** : فرەگەڕ . تەڕدەست .
**عەیان** ( ع ) : ئاشکرا .
**عەین** ( ع ) : چاو .
**عەییاش** ( ع ) : ئەوەی هەر خەریکی ڕابواردن بێ .
**عیبرەت** : پەند .
**عیتاب** ( ع ) : سەرزەنشت .
**عێراقی** : ئاوازێکی مۆسیقایە .
**عیسا دەم** : ئەوەی هەناسەی وەك هی عیســـا مــردوو زیــندوو بکاتەوە . مەبەست مــرۆی بەتوانایە .
**عیفریت** : دێو .
**عیقد** ( ع ) : ملوانکە .
**عیقد پەروێن** : کۆمەڵە ئەســتێرەی بچکۆلەی پەروێن کــە ئەڵێی ملوانکەن .

( غ )

**غار** : ( ع ) : ئەشکەوت .
**غارەت بوردە** : بە تاڵان براو .
**غاشیــە** ( ع ) : ئــەوەی شــتێ داپۆشێ .
**غلتیا** : ئەم دێو و ئەو دێوی کرد .
**غوبار** ( ع ) : تۆز و گەرد .
**غۆر** : وڵاتێکە لەنێوان هــەرات و غەزنەدا لە ئەفغانستان .
**غوڕندە** : ئەوەی بنەڕێنێ .
**غولام** : نۆکەر .
**غونچەی کەبك دوری** : یەکێکە لە سێ ئاوازەکەی باربود .
**غەبغــەب** ( ع ) : گۆشــتی ژێـــر چەناکە .
**غەرەز** : مەبەست . لە عەرەبییەوە هاتوە .
**غەڵتیا** : تلایەوە .
**غەمزە زەن** : بە لاچــاو ئیشارەت کەر .
**غەنیم** : ناحەز . دەسکاری کراوی وشەی ( غریم )ی عەرەبییە .
**غەوواص** ( ع ) : ئەوەی خۆی ئەکا بە نوقمدا دوڕ لە بنی دەریا دەربێنێ .

( ف )

**فاقە** : لق . داو .
**فام** : تێگەیشتن ، دەسکاری کراوی ( فهم )ی عەرەبییە .
**فامانت** : تێگەیشتوی .
**فتح الباب** ( ع ) : دەرگا کردنەوە .
**فخرالعالمین** ( ع ) : شانازیی هەموو جیهان . مەبەست پێغەمبەری ئیسلامە .
**فدێت** : فیدات ، قوربانت .
**فرزەند** : کوڕ .
**فرسەخ** : پێوانەیەکی ڕێ ڕۆیشتنە، ئــەکاتە ٣ میــل . میلیش ئەکاتە ٤ هەزار هەنگاو .
**فرصــەت مدێــن** : هەلیـــــان دەس‌ئەکەوت .
**فرۆ بەرد** : برد بە ناوا .

**فرۆز** : گڕ .
**فرۆزان** : ئەوەی بگڕێ .
**فرۆزنده** : هەلگڕاو .
**فرەش پێ نەشی** : زۆری پێ نەچو .
**فرێ** : فره ، زۆر .
**فرێن** : زۆره .
**فریو** : هەلخەلەتێن .
**فریونا** : هەلخەلەتاند .
**فریوناش** : هەلیفریواند .
**فسانه** : ئەفسانه .
**فسۆن ساز** : سیحرباز .
**فوتات** ( ع ) : ورده .
**فوتووەت** ( ع ) : لاوێتی .
**فۆته** : خاولی ، پەشتەماڵ .
**فورزەند** : مناڵ .
**فورط** ( ع ) : زۆری .
**فۆلاد** : پۆڵا .
**فولفول** : ئالەت .
**فەتار فەتار** : داڕزاو .
**فەخفور** : لەقەبی شاهانی چینه .
**فەرجام** : ئەنجام .
**فەرخونده** : پیرۆز .
**فەرد** ( ع ) : تاقانه و بێ هاوتا . جار و باریش بە مەعنا لاپەڕه و بە مەعنا تاقه شیعر بەکار دێ .
**فەردا** : سبەینێ .
**فەڕ** : پیت .
**فەڕڕاش** ( ع ) : ڕایەخ ، ڕاخەر .
**فەڕڕوخ ئەختەر** : ئەستێره پیرۆز.
**فەڕڕوخ تەبار** : بنەچه پیرۆز .
**فەڕڕوخ پەی** : ئاخر خێر .
**فەڕڕوخ ڕۆز** : یەکێکه لە سێ ئاوازەکەی باربود .
**فەڕڕوهی** : شان و شکۆ .
**فەرزانه** : زانا و تێگەیشتو .
**فەرق** : تەوقه سەر .
**فەرقەد** : ناوی ئەستێرەیەکه .
**فەرما** : فەرموێ . ئەوەی کە ئەفەرموێت .
**فەرماش** : فەرموێ .
**فەرمان بەردار** : بەجێهێنەری فەرمان .
**فەرمان پەزیر** : بەگوێکەر .
**فەرەس دەوانێ** : ئەسپ تاودان ، جار جاریش مەبەست لە قسه زۆر کردنه .
**فەرهەنگ** : زانست .
**فەریاد** : هاوار . بە فریا گەیشتن.
**فەریادێ** : هاوارکەر .
**فەسخ کەر** : هەلوەشێنەوه .
**فەضا** ( ع ) : دەشت .
**فەلەك سایە** : ئەوەی ئاسمان سێبەری بەسەرا کردوه . مەبەست لە گەورەییه .
**فەند** : فەن ، فێڵ .
**فەیرۆزه** : پیرۆزه .
**فەیض** ( ع ) : لێشاو .
**فێشتەر** : زیاتر .
**فیعل** : کار .
**فیعل شەنیع** ( ع ) : داوێن پیسی .
**فیعل قەبیح** ( ع ) : کاری ناشیرین، مەبەست زینایه .

( ق )

**قابل** : شایان . لە ( قابل )ی عەرەبییەوه هاتوه .

**قابیض** ( ع ) : وەرگر ، مەلائیکەی گیان کێشان .
**قاپ** : قاپێ ، دەرگا .
**قار** : قین . لە ( قهر )ی عەرەبییەوە هاتوە .
**قارۆن** : دەوڵەمەندێکی بەناوبانگ بوە ، لە فۆلکلۆری کوردیدا ( گەنجی قارۆن ) بەناوبانگە .
**قاریعە** ( ع ) : سەرکوتکەر .
**قاش** ( ت ) : برۆ .
**قاشۆق** : کەوچك .
**قاصید** ( ع ) : نامەبەر .
**قاضی الحاجات** ( ع ) : ئەوەی مرازی خەڵك بەجێدێنێ ، واتە خوا .
**قاف** : کێوی بەناوبانگی قاف بەپێی ئەفسانەی کۆن کێوێکە دەوری هەمو جیهانی داوە و یەئجوج و مەئجوج لەوێ بەند کراون .
**قاقوم** : پێستێکی سپی و ئێجگار گەرمە . بە ڕۆژی ڕۆشنیش ئەگوترێ .
**قامەت** : باڵا .
**قاو** : هەواڵێ بڵاو بۆبێتەوە .
**قرتاڵ** : پێری گۆشت بە لەشەوە نەماوی ڕەق و تەق .
**قرة العین** ( ع ) : فێنکایی چاو .
**قرچیا** : هەڵقرچا .
**قرژاڵ** : قرژانگ .
**قرژاکە** : پەلەوەرێکی ناشیرینە لە چەشنی قەلە ڕەش و شتیوا.
**قنیات** : ئەوەی مرۆڤ پێی ئەژێ .

**قۆ** : باڵدارێکی ملبەرزی مەلەوانە، پەڕێکی نەرم و ناسك و ڕەش و سپیی هەیە .
**قوة الظهر** ( ع ) : هێزی پشت .
**قۆچاخ** : چالاك و تێژڕەو .
**قۆخ** : پشت کۆم .
**قودسی** : ( ع ) : پیرۆز .
**قورتومە** : خورطوم .
**قورتە** : دەنگ .
**قورص** ( ع ) : تۆپ ، شتی خڕ .
**قوڕنە** : سوچ .
**قۆرە** : کاڵ .
**قۆزاخە** : گوڵەنگ . پەموانە . گوێ زێو .
**قوش** : پەلەوەرێکە ڕاوی پێ ئەکەن .
**قۆشەن** : لەشکر .
**قوفڵ ڕۆمێ** : یەکێکە لە سێ ئاوازەکەی باربود .
**قولزوم** : سور .
**قەبا** : کەوا .
**قەبضە** ( ع ) : مشتو .
**قەت** : قەطع ، بڕاو .
**قەتاران** : پۆل پۆلەکان .
**قەترە دا** : بە پەلە ڕۆیی .
**قەدارە** : ئەوەی وەك دار بە لاقەدی مرۆوە بێ . مەبەست شمشێرە .
**قەدرێ** : ئەندازەیەك ، هەندێك .
**قەدەح** ( ع ) : پیالە .
**قەدەم** ( ع ) : پێ .
**قەڕابە** : کوپەی مەی .
**قەرداش** ( ت ) : برا .

**قەرن** ( ع ) : صەد ساڵ .
**قەریە** ( ع ) : دێ . .
**قەصەب** : جۆرە قوماشێکی گرانبەها بوە لە کەتان دروست کراوە .
**قەضا** : (( **قەزا** )) ( ع ) : خوا کرد .
**قەضا تەوئەمان** : جۆتەیە لەگەڵ (قەدەر) لە تواناو هێزدا .
**قەضا جۆ** : بەدوای بەڵا و مەینەتا گەڕاو .
**قەضیە** : ڕۆداو . لە ( قضية )ی عەرەبییەوە هاتوە .
**قەطران** : ڕۆنێکی ڕەشە لە هەندێ درەخت دائەچۆڕێ .
**قەطع ئولفەت کەر** : پەیوەنـدی بڕە .
**قەعر** ( ع ) : بن .
**قەقنەس** : پەلەوەرێکی زۆر جوان و دەنگ خۆشە ، ئەڵێن دەنۆکی ٣٦٠ کونی تیایە ، لەسەر کێوێکی بەرز بەرەوڕۆی بـا ئەنیشێتەوە ، دەس ئەکا بە خوێندن ، ئاوازی سەیر لە دەنۆکیەوە دەرئەچێ ، بۆیە پەلەوەرێکی زۆری لـە دەور خـڕ ئەبێتەوە ، ئـەویش هەندێکیان لێ ئەگرێ و ئەیانخوا . هـەروا ئەڵێن هەزار ساڵ ئەژێ . کە مەرگی نزیك ئەبێتەوە دارێکی زۆر کـۆ ئەکاتەوە ، خـۆی بەسەریەوە ئەنیشێتەوە دەس ئەکا بە خوێندن و سەرخۆش ئەبێ . باڵ ئەدا بە یەکدا ، گڕێ لە بن باڵی هەڵئەستێ دارەکە ئەگرێتەوە خۆیشی پێیەوە ئەسوتێ . قەقنەس نێرەی نیە و هێلکەیەك لـە خۆڵە مێشەکەی پەیدا ئەبێ بێچۆی تری لێ ئەبێ .
**قـەلاخێ** : بـەرگی ڕەشی ئازیەتباری .
**قەڵتاخ** : چەرمە کۆن .
**قەڵخان** : ڕۆ پۆش و سنگ پۆشێکی ئاسنە لە شەڕا بەرگرێی پێ ئەکەن لە تیر و شیر .
**قەڵوەز** : قەڵبەز ، تاڤگە .
**قەڵوەزە** : قەڵبەزە ، تاڤگە .
**قەڵەمزەن** : قەڵـەم وەشێـن ، مەبەست زیرەك و زۆرزانە .
**قەڵەمکار** : خەت خەت کراو .
**قەناوێـز** : جـۆرە قوماشێکی گرانبەهایە ئیستا پێی ئەڵێن قەنەوز ، ڕەنگە لە ( قەنـد ئاوێز )ەوە وەرگیرابێ .
**قەند** : شەکر .
**قەنداتێ** : ئەوەی خەریکی شـەکر بێ .
**قەندبێز** : ئەوەی ئەوەندە شیرین بێ شەکر ببێزرێنێ .
**قەندەهار** : شارێکە لە ئەفغانستان.
**قەندیل** ( ع ) : چرا . قوتوله .
**قەوس** ( ع ) : تیر .
**قەووال** ( ع ) : شایەر ، بوێژ .
**قـەیس** : مەجنوونی بەناوبانگی لەیلای عامیری .

**قەییوم** (ع) : ئەوەی سەرپەرشتیی
کار ئەکا . مەبەست خوایە .
**قیامەت خێز** : ڕۆژی قیامەت بەرپا
ئەکا ، واتە ئەوەندە جوانە .
**قیبلەگاهێ** : جێگەی قیبلە .
**قیران بێن** : هاوجوت بون .
**قیرطاس سەوز** : کاغەزی سەوز ،
مەبەست ئاسمانە .
**قیصـــاص** ( ع ) : تۆلـــە لـــێ
سەندنەوە .
**قیمەتێ** : بەقیمەت .
**قین** : ڕق .

( ك )

**کابێن** : مارەیێ .
**کار نازمودە** : فێرە کار .
**کارد** : کێرد ، چەقۆیەکی گەورەیە .
**کارێ پێش ئاما** : کارێکی بەســەر
هات .
**کارێوەن** : کارێکە .
**کافقە** ( ع ) : هەمو .
**کافور** : مایەیەکی بـون خۆشـی
سپییە لە جـۆرە درەختێك
وەرئەگیــرێ . بە هەمـــو
شـــتێکی زۆر ســـپێیش
ئەوترێ .
**کاکۆل** : مـوی ســەر ، یا مـوی
ناوەڕاستی سەر کە بــەرزی
ئەکەنەوە .
**کـــالا** : کەلوپــەل ( قومـــاش ) .
کێلا .
**کام** : ئارەزو .

**کام ڕەوانێ** : بە ئارەزو ڕابواردن .
**کامگار** : بە ئاوات گەیشتو .
**کامێن ڕۆ** : چ ڕۆژێك .
**کاو** : شاخ و کێو .
**کاوش** : گەڕان و پەیجۆر .
**کاهێ** : وەك کا .
**کثـیر اللطف** ( ع ) : ئـەوەی زۆر
قسەی خۆش لەگەڵ خەڵـك
بکا کە دڵیانی پێ شاد ببێ .
**کحل الجواهر** ( ع ) : ئەو کلەیەی
وەك گەوهەر وایە .
**کرباس** : قوماشێ بە دەست لـە
لۆکە ڕێسرابێ .
**کریا** : کرا .
**کریابۆ** : کرابێ .
**کریـاس** : بـارەگا و دەربـــاری
پادشایان و گەورە گەوران .
**کریان** : کراوە .
**کریشمە** : ناز .
**کزمەچێ** : خزمەتچێ .
**کشت** : کشت و کاڵ . بەرهەمی
ساڵ .
**کشتزار** : کێڵگە .
**کلاف** : کلافـــە ، ئـــەو تالانـــەی
قوماشیان لێ ئەڕێسرێ . بە
مەبەستی بنەچە و ڕەگەزیش
بەکاردێ . هـــەروەها بـــە
مەبەســـتی زولـــفی لـــول
خواردوش .
**کلاوچە** : ئـەو کلاوە بچکولەیـــەی
ئەکرێتە سەری مردو .
**کلید** : کلیل .
**کن فیکون** : ئیشـارەتە بــە ئایـــەتی

( انما امره اذا اراد شیئا ان یقول له کن فیکون ) واتـه کاری خوا وایه ئەگەر شتێکی ویست پێیئەڵێ ببەو ئەبێ .

**کناچە** : کچ .

**کنیا** : کەنرا ، هەڵکەنرا .

**کنیابۆ** : هەڵکەنرابێ .

**کنیاش نە دەرۆن** : لـــه دەرۆنی هەڵکەنرا .

**کۆ** : کێو . کۆمەڵ . لەکوێ ؟ .

**کوا** : کوتا .

**کۆتاکەر** : کورتی کەرەوە ، بێبڕەوە.

**کۆتا کەردن دەست** : دەستیـــان هەڵگرت .

**کوجا** : لەکوێ . کەی .

**کودۆرەت** ( ع ) : عاجزێ .

**کۆزەگەر** : ئەوەی گۆزە دروسـت ئەکا .

**کۆس** : ئامرازێکی مۆسیقایە وەك تەپڵ و شتیوا .

**کۆس کەفتە** : کەسێ زیانێکی زلی لێکەوتبێ وەك ئـەوە کـە ئازیزێکی مردبێ .

**کوشتەنێ** : ئەوەی پێویست بـێ بکوژرێ ، یا شایانی کوشتن بێ .

**کۆ کۆ** : کۆمەڵ کۆمەڵ .

**کۆ کەن** : کێو هەڵکەن .

**کول کول** : کولۆ کولۆ .

**کولۆخ ئەنداز** : ئەوەی پارچە خشت یا بـەرد فـڕێ ئـەدا بـۆ کەسێك .

**کومەیت** ( ع ) : ئەسپی کوێت واتە ئەسـپێ ڕەنــگی لەبەیـنی ڕەشێ و سۆرێدا بێ .

**کۆن** : لەکوێیە .

**کۆناکۆ** : لە ڕادە بەدەر کۆن .

**کونجکاو** : ئـەوەی لە شـتێ ورد بیێتەوە .

**کۆنە قڕتاڵ** : مرۆی پێری وشك و ڕەق هەڵاتو .

**کووان** : کێوان .

**کۆ وە پۆش** : ئەوەی کێوی بووە بە پۆش . مەبەست لـە ڕەنجی بێبەرە .

**کوهەن ساڵ** : پیر ، کۆنە ساڵ .

**کۆیا** : کوتای ، لێی دا .

**کۆی طور** : کێوی طوری سـینا ، ئەو کێوەی کە گوایە نـوری خـوای بۆ مۆسـا پێغەمبەر پێوە دیـارێ دا و بەو نـورە گڕی تێچو .

**کەتیبە** : شتێ لەسەر دەرگا یـا دیوار لـە بەردێـك یا لـە کاشییەك هەڵکەنرابێ .

**کەچ** : لار .

**کەچباز** : ئەوەی کردەوەی خـراپ بێ .

**کـەچ گـەرد** : ئـەوەی خـــراپ هەڵئەسوڕێ .

**کەچێ** : لارێ .

**کەدخودایێ** : کوێخایێ .

**کەدۆ** : کۆلەکە .

**کەر** : بکە .

**کەران** : بکەن .

**کەرد ڕەقەم** : نوسێ .

**کەردشان وە پا** : ڕاستیان کردەوە.
**کەردش ڕەد** : لای‌دا .
**کەردن مەیــل** : خـواردیانەوە ، ئارەزۆیان کرد .
**کەرد نە وەرش** : کردیە بەری .
**کەردەبێ** : کردبو .
**کەردەن** : کردۆیە ، کردن .
**کەردەنش قەبەڵ** : قەبڵاندۆیەتی ، زایەی کردوە .
**کەردیم** : کردمان .
**کەرگەدەنــگ** : گیــان لەبەرێــکی بەهێزە لە چەشنی بەراز ، لە گا گەورەترە .
**کەرۆ** : ئەکەم .
**کەرو** : بکەم .
**کەری** : بکەی .
**کەزنەچێ** : کزمەچێ ، پاسەوان .
**کەس** : کەست ، خراپ .
**کەست** : بێ‌بایەخ .
**کەس نەبێش** : کەسی نەبو .
**کەسێف** ( ع ) : خراپ و پیس .
**کەسێوەن** : کەسێکە .
**کەفت** : کەوت .
**کەفت نە خەیاڵش** : کەوتە خەیاڵی.
**کەفتە** : کەوتۆ : یەك‌کەوتۆ .
**کەفتمن** : کەوتوە .
**کەفتەنان** : کەوتۆم .
**کەفتەوبەر** : دەرکەوت .
**کەڵ** : کەڵك .
**کەڵپۆس** : بەرگێکــە لە پێستــی حەیوان . مەعنای وشەکــە ( پێستی کەڵ )ە .
**کەمتار** : کەمتیار .

**کەمان** : کەوان . غاوارە یا کەمەی بێشکە .
**کەم شنەخت** : نــەفام ، شــت نەناس ، بێ تاقێ کردنەوە .
**کەمەر** : پشتێنە .
**کەمەر بەست** : پشتێنی بەست ، مەبەست لــە خــۆ ئامــادە کردنە .
**کەمەر بەستە** : پشتێن بەستۆ بـۆ خزمەت کردن .
**کەمێن** : کەمترێن .
**کەن** : کەند ، کەندەڵان .
**کەندە** : هەڵکەندن . هەڵکەنراو .
**کەنێز** : کەنیزەك .
**کەوثەر** ( ع ) : حەوزی ئاوی کەوثەر لە بەهەشتدا .
**کەوکەب** ( ع ) : ئەستێرە .
**کەوکەبە** ( ع ) : شان و شکۆ .
**کەونەین** ( ع ) : هەردۆ جیهانەکە ، ئاسمان و زەوێ .
**کەهکەشان** : کاکێشان .
**کەیان** : پادشا گەورەکان ، یاخود ئەو پادشایانەی ئێران کــە وشــەی یەکــەمی ناویــان (کــەی)ە وەك کەیقوبــاد و کەیخوسرەو و کەیــکاوس و ئەوانی‌کە .
**کەیخوسرەو** : یەکێــکە لــە شــا بەناوبانگەکانی ئێران .
**کەیل** ( ع ) : پڕ .
**کەیوان** : ئەستێرەی زوحەل .
**کەیوانۆ** : کەیبانۆ .
